


# مێژووی نثری کوردی

مامۆستا جەعفەر

لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانیی مەولانا خالید ٣

مامۆستا جەعفەر

# مێژووی بیری کوردی

سلێمانی - ٢٠٠٩

---

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)
سلێمانی - گەڕەکی سەرچنار - ١٢١
کۆڵانی - ٤٤
ژ. خانوو - ١

---

www.hoshiari.org
govarynovin@yahoo.com

- ناوی کتێب: مێژووی بیری کوردی
- ناوی نووسەر: مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد)
- تایپ: ئەمیرە، هەرێم، شاناز، لیزان، نیاز، سازان، جوان، کوردستان
- دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر
- بەرگ: سەیوانی سەعیدیان
- چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
- تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردن: (١٣٠٥) ی ساڵی ٢٠٠٩
- ژ. زنجیرە : (٢٩٩)
- لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

پێشکەشە بە:

براو هاوڕێم شەهید ئازاد هەورامی

نموونەی بوێری و ڕاستگۆیی

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی چاپی دووەم ........................ | ٧ |
| پێشەكی چاپی یەكەم ........................ | ١٥ |
| مێـژووی بـیری كـوردیو پرۆژەیـەك بـۆ تێگەیـشتنی شـێوەی بیناسـازی بیركردنەوە ........................ | ٢٥ |
| هۆی دروستنەبوونی دەوڵەتێكی سەرانسەری لەكوردستاندا ........................ | ٥٣ |
| فارقیو تێكشكانی دەسەڵاتی كوردی ........................ | ٧٧ |
| جەزیریو جیهانی ئەزموون ........................ | ١٠٣ |
| گرنگی سیاسیو مێژوویی شەرەفنامە بۆ خەباتی ئێستای گەلی كورد ....... | ١١٥ |
| خوێندنەوەیەكی سۆسیۆلۆگییانەی شەرەفنامە ........................ | ١٣٧ |
| ئەحمەدی خانیو دەسەڵاتی كوردی ........................ | ١٥٥ |
| مەولانا خالیدو دەسەڵاتی كوردی ........................ | ٢٢٣ |
| چەپكێكی تر لەگولزاری نالی ........................ | ٢٧١ |
| چەپكێك لەگولزاری مەولەوی ........................ | ٣٥٥ |
| حاجی قادری كۆیيو پرۆسەی وێستەرنیزێشن ........................ | ٤١١ |
| خوێندنەوەیەكی تر بۆ بیری سیاسیی شێخ رەزای تاڵەبانی ........................ | ٤٥٩ |
| گۆرانو هەوڵدانێك بۆ شیكردنەوەی دەروونیی شاعیرێك ........................ | ٥٠٩ |
| **پاشكۆ** | |
| بن دەیسان فەیلەسوفێكی كوردە ........................ | ٥٦٥ |
| زەبیحی و مەنزەوی ـ وەرگێڕو نووسەر ........................ | ٥٧٨ |

# پێشەکی چاپی دووەم

ساڵی ٢٠٠٥، چاپی یەکەمی (مێژووی بیری کوردی) بڵاوکرایەوە. ئەم چاپە دووبارەکردنەوەی چاپی یەکەم نییەو شەش بابەتی نوێی: (فارقی و تێکشکانی دەسەڵاتی کوردی، جەزیری و جیهانی ئەزموون، ئەحمەدی خانیو دەسەڵاتی کوردی، مەولانا خالیدو دەسەڵاتی کوردی، خوێندنەوەیەکی تر بۆ بیری سیاسی شێخ رەزای تاڵەبانی ، گۆرانو هەوڵدانێك بۆ شیکردنەوەی دەروونی شاعیرێك.....) خراونەتە پاڵ بابەتەکانی چاپی یەکەم.

کاتو هەلومەرجی کارو ژیان رێگەم نادەن، سەرجەمی پرۆژەکە، یەك بین، بەسەریەکەوە بنووسم. چونکە بەشی زۆری بابەتەکان ئامادەو گەڵاڵەنو تەنیا دارشتنو خستنەسەر کاغەزیان دەوێ. چەند هەفتەیەك لەمەوبەر، لەگەڵ مامۆستا دانا ئەحمەد دانیشتبووینو باسی بابا تاهیری هەمەدانیو سالمو ئەحمەدی خانیو شێخ رەزای تاڵەبانیم بۆ کرد. ئەو پێشنیاری کرد، کتێبەکە بەدوو بەرگ بڵاوبکرێتەوە! من خەرمانێك بروبیانووم بۆ هێنایەوە، کە ئەم جۆرە کارە خۆ تەرخانکردنی دەوێو کاتێکی زۆری دەوێ. پێم گوت: کاتم هەبێ، بەمانگێك، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەحمەدی خانی ئامادە دەکەم. ئەو ئیدی ئەوەندە داواکەی خۆی بەپەرۆشیەوە دووبارە کردەوە، پاش دوو هەفتە، نووسینەکە بەپوختکراوی رادەستی مامۆستا دانا کرا.

کەی ئێمە دەگەینە (سەرەتایەکی باوەرپێکراوی مێژووی بیری کوردی)؟ ئەوە رێگەیەکی سەختو ئاڵۆزەو چاوەروانی نەوەی ئەمرۆو داهاتوو دەکات، بەو کارە

هەڵبسن. بەرەو هەر کوێ پەل دەهاوین؟ کۆمەڵێك گاشەبەرد سەرەڕێگاکان دادەخەنو توانای بەردەوامبوونو ڕێگابڕین، قورسو گران دەبێت.

بیری کوردیو بیری ئەڵەمانیو بیری فارسیو بیری تورکیو بیری فەرەنسی، یەك کێشەیان هەیە: ئەویش ئەوەیە بیرێك نییە، شەقڵو مۆرکی تەنیا یەك نەتەوەی پێوە بێتو کاریگەری بیری دەرو دراوسێی لەسەر نەبێت. بیر، لەنەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر، دەستاودەستی کردووە. هەر یەکە ویستوویەتی بەگوێرەی هەلو مەرجو بارودۆخی خۆی، گۆڕانی پێویستو گونجاو بەسەر ئەو بیرۆکەیەدا بهێنێتو تایبەتمەندی پێبدات.

هەروەکو چۆن لەجوگرافیادا، دوورگەی دابڕاو نییە، لەجوگرافیای بیریشدا دوورگەی دابڕاو نییە. کوردستان سەرەڕێگەی کاروانی بازرگانیو لەشکرکێشی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوا بووە. هەر بۆ نموونە: هاتنی ئیسلام، تەنیا هاتنی ئاینێکی نوێ نییە، کە جێگەی بەدینی پێشوو لێژ کردبێت، بەڵکو (زمانی عەرەبی) لەناو کۆمەڵو کولتووری نوێدا، شوێنپێی خۆی کردۆتەوە. خەڵکی کوردستان، ڕێگە نەدراون، نوێژ بەکوردی، یان بەوەرگێڕانی کوردی نوێژ بکەن، بەڵکو بەعەرەبی نوێژ کراوەو ڕۆژوو گیراوەو ((یاسین))و ((تەلقین)) بەعەرەبی بووە. ئینتلجنسیای کوردی، بۆئەوەی پلەی زانایی بەرزی چنگ بکەوێت، ناچار بووە قۆناغەکانی خوێندن، قۆناغ بەقۆناغ بەسەرکەوتوویی ببڕێت. باشترین شارەزایی لەڕێزمانی عەرەبیو فیقهەو لێکدانەوەی قورئانو حەدیسو... هتد. پەیدا بکات. ئەم ئینتلجنسیایە نزیکەی ١٤٠٠ ساڵ هەڵگری پەیامی خوێندنو نووسین بووە. زۆربەی شاعیرو نووسەران لەهەناوی ئەم چینەدا لەدایکبوونو هونەرو داهێنانەکەیان ڕەنگی خوێندنو تێگەیشتنی دینی پێوەیە.

پێویستە تێبینی ئەو خاڵەش بکرێت، ئەم چینە، ئەوەندەی ویستوویەتی لەدەریای (نحو وصرف)ی عەرەبیدا باڵادەست بێتو لە (أحکام الشريعة)دا داهێنەر بێت، ڕەنگە تەنها ١٪ ئاڕاستەی بیرکردنەوەکەیان بەرەو زمانو ئەدەبی کوردی ڕۆیشتبێت. سەیر ئەوەیە، زۆربەی زۆری ئەو شاعیرو نووسەرانەی بەکوردی نووسیویانە، لەبن کارتێکردنی ئەدەبی فارسیدا بوون.

دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە یەکێك لەپێشەنگەکانی شیعری فارسی (بسام کورد)ە. ئەم شاعیرە لەسەدەی (٣)ی کۆچیدا ژیاوە. یەکێك ناوەڵناوی (کورد)ی هەڵبژاردبێتو هەر لەسەرەتای هەڵسانەوەو نووسینی فارسی، کوردێك زمانی فارسی بۆ دەربڕین هەڵبژێرێت. دیارە ئەو کاتەی (رودەکیو شەهید بەلخیو دەقیقیو...) دەستیان بەشیعری فارسی کردووە، یەکێکی وەکو (بسام کورد) هەستی بەناسنامەی خۆی کردووە، بەڵام زمانی کوردی لەئاستێکدا نەبووە، تا بیکاتە ئامرازی دارشتنو دەربڕین. هەرچەند ئێمە تەنیا چەند بەیتێکمان لە بەسامەوە پێگەیشتووەو نازانین ئەو چۆن بیری کردۆتەوەو بەرهەمەکانی تری چۆن نووسراون؟

بابا تاهیری هەمەدانی لەجیهانی سۆفیگەریو شیعری فارسیدا، ئەستێرەیەکی گەشو درەوشاوەیە. یەکێکی وەکو ذبیح الله صفا لەکتێبی (تاریخ ادبیات در ایران)دا شیعرەکانی بەفارسی دانانێتو بەکوردییان دادەنێت. ئەم حوکمەی دکتۆر ذبیح اللهو زاناو مێژوونووسەکانی تر، قسەی خەڵکی نەشارەزاو بێئاگا نییە. ئەوان پێیانوایە چوار خشتەکیو دوو بەیتییەکانی، لەبنەمادا کوردی بوونو هیچ پەیوەندییەکیان بەفارسییەوە نەبووە، ئیدی هەر (ناسخ)ێك هاتووە، وشە (نامۆ)کانی بەوشەی (فارسی) گۆڕیوەتەوە.

ئەگەر زانا فارسەکان، دان بەو راستیەدا بنێنو جەخت لەسەر ئەوە بکەن، بابا تاهیری هەمەدانی کورد بووە، من نازانم بۆ بابایەکی کورد ئەو مافە ناڕەوایە بەخۆی بدات، ناوی بابا تاهیر لەئەدەبی کوردیدا بسڕێتەوە؟

مێژوونووسانی کورد، بازنەیەکی گرنگی مێژووی کوردستانیان لەکاتیگۆڕییەکانی خۆیان سڕیوەتەوە. کوردستان مێژووی دینی نییەو هیچ کەسێك بایەخی بەو لایەنە گرنگە نەداوە. ئێمە ئەوە دەزانین چواردە سەدە لەمەوبەر، سوپای ئیسلام، لەنیمچە دوورگەی عەرەبەوە هاتووە. لەکوردستانی ئەو سەردەمانەدا (زەردەشتی، جوو، مەسیحیەت،..) هەبووە. پاش ئەنفالو ململانێو زۆرانبازییەکی زۆر سەخت، خەڵك ملی داوە. مەسیحیەت، رۆژ بەرۆژ لەگرژبوونەوەو توانەوەدایە. جووەکان لەکۆتایی چلەکانەوە زۆربەیان رۆیشتنو زۆر کەمیان ماونەتەوە.

مێژووی ئەهلی حەق (یارسان، کاکەیی) ، مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە. سرودو شیعرو گۆرانی دینی ئەوان، گەورەترین سامانی نەتەوەیی ئێمەیە. بریا کۆنترین دەقی (سەرەنجام) بدۆزرایەتەوە، کە کەمترین دەستکاری لەلایەن (کەلامزان)ەکانەوە کرابێتو رێگە بدرێن بەئازادی لەسەر خۆیان بنووسنو لەسەر (جە کام سەر چەشمە ئاوت واردن؟) کێشەی گەورە دروست نەبێت!

هەروەکو چۆن کاکەییەکان لەشارەزوورەوە بۆ دەوروبەری داقوقو کەرکوک دەرپەڕێنراون. بەرەو ناوچەکانی سەر سنوورو دوورەدەست کۆچیان پێکراوە، ئێزدییەکان لەدهۆكو زۆر ناوچەکانی تر بۆ شەنگارو شێخانو باعدری ناوچەی نیشتەجێبوونیان بەرتەسك کراوەتەوە.

مێژووی ئێزدایەتی، مێژوویەکی دەوڵەمەندە. لەم ساڵانەدا، بەشێك لەڕووناکبیرە ئێزدییەکان دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی هەندێ دەقی ئایینیو هەندێ زانیاری دەربارەی سەردەمی پێش هاتنی شێخ ئادیو پاش شێخ ئادی... هتد، بڵاوکراوەتەوە.

لەناو ئیسلامدا شیعەو سوننە هەیە. لەناو ئەهلی سوننەدا بزافی سۆفیگەری (قادری: بەرزنجی، تاڵەبانی - نەقشبەندی، نورسی، هەقە،...) هەیە. هەر رێبازێك پێویستی بەدەیان کتێبو لێکۆڵینەوە هەیە.

من بڕوام بەوە هەیە، تاك دەتوانێت داهێنانو کاری نایابو گرنگ بکات. ئەم قسەیە لەکاتێکدا راستە، هەر نووسەرو شاعیرێك، سەرەدەرزییەك لەبەرهەمو نامەو ژیاننامەو دەوروبەری لێ بزر نەبێتو هەرچیت بوێت، بەردەستت بکەوێت.

لە رۆژاوا کەم فەیلەسووفو سیاسیو هونەرمەندی ناودار هەیە، ماڵەکەی نەکرابێتە مۆزەخانە. کەمیان هەیە نووسینو نامەکانی بەجوانی نەپارێزرابنو لەچەند بەرگێکدا بڵاونەکرابنەوە.. خەرمانو مەڵۆی ئێمە، لەسۆنگەی نەبوونی دامەزراوەی دەوڵەتیو فەرهەنگیدا، لەشوێنێك بیانپارێزێتو سوودیان لێ وەربگرێت، ئەژدیهای داگیرکەر هاتووە، هیچ بەرهەمو سامانو سمبۆلی داگیرکراوی لا گرنگ نەبووە. هەرچی بەردەست کەوتووە، هەر ئاگری پێوەناوەو خۆڵەمێشەکەشی بەدەم رەشەباوە داوە.

ئەوی راستی بێت، دەبێ ئەم راستیە تاڵە وامان لێ بکات، ئاراستەی گۆشەنیگاو شێوەی بیرکردنەوەمان بگۆڕین! هەوڵبدەین بەکۆمەڵ کار بکەین و لەچوارچێوەی داوودەزگاو دامەزراوەکاندا پلان بۆ داهاتوو دابنێین و کار بکەین.

من لەماوەی سێ چوار ساڵی رابوردوودا، لەچەند پرۆژەیەکدا بەشداریم کردووەو تێبینی ئەوەم کردووە، لەرێگەی کاری بەکۆمەڵەوە دەتوانین کاری مەزن بکەین: تەنیا بەمەبەستی روونکردنەوە، دەمەوێ تۆزێ تیشك بخەمە سەر چوار پرۆژە، کە توانراوە، بەکۆمەڵ و هەرەوەزی هەنگاوی زۆر گەورە بنێین:

١. گۆران لەبیرەوەری هاوچەرخەکانیدا.
٢. شێخ مەحموودی حەفید.
٣. ئەمین زەکی بەگ.
٤. مەولانا خالیدی نەقشبەندی.

من قەت چاوەڕوانی ئەو هەموو پێشوازیو گوڵباران و رێژنەی ستایشە نەبووم بۆ کتێبی (گۆران لەیادەوەری هاوچەرخەکانیدا) ، کە ژمارەیەك نووسەر هێندە بەپۆزەتیف لەسەر کارەکەیان نووسی، لەناخەوە هەستم بەشەرمەزاری دەکرد، کە پێشتر دەمانتوانی ئەم بەرهەمەو بەرهەمی تر بەئەنجام بگەیەنین و نەمانکردووە. بێگومان ئەم کتێبە بەری ماندووبوون و شەونخونی تاقە کەسێك بوایە، رەنگە بەشێوەی ئێستا بەردەستی خوێنەرانی ئازیز نەکەوتایە.

بەرگی دووەم، کە ئێستا کاری لەسەر دەکەین، هیوادارین کەلێنێکی بچووك لەزانیاری دەربارەی شاعیرێکی گەورە پڕ بکەینەوە. هەرکەسێك هەر زانیارییەکی لەسەر گۆران هەبێت و بەئێمەی بگەیەنێت، ئەوە تا ماوین، سوپاسی دەکەین و خۆمان بەقەرزاری دەزانین.

بۆ یادی شێخ مەحموودی حەفید، پارکێك لەشاری سلێمانی دروست کراو خانوویەك لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەموڵك بۆ یادی حوکمداری شێخ مەحموود تەرخان کراوە، کە پێشتر بارەگای حکومەتی لێ بووە. لەساڵی ٢٠٠٦ بۆ یادی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی شێخ مەحموود، (٩) کتێب بڵاوکرایەوە، کە هەر یەکە

لەگۆشەیەکەوە، تیشك دەهاوێتە سەر سەردەمی حوکمداری ئەو لەدەوروبەری ساڵی ١٩٢٠ز.

ئەمساڵ یادی مێژوونووسی گەورە ئەمین زەکی بەگ دەکرێتەوە. ئێمە توانیمان چاومان بەسانیحە خان و د. ژاڵەو د. حەسەن بکەوێت. ئەوان بیرەوەری و ئەلبومی وێنەو کۆمەڵێك زانیاری و دۆکۆمێنتی نایابیان خستە بەردەستمان. ئەم پەیوەندییە بووە هەوێنی چەندین کتێب و ئەلبوم، کە بەم زووانە بەردەستی خوێنەرانی نازیز دەکەون.

یادی مەولانا خالیدی نەقشبەندی نزیك بۆتەوە. مەولانا پیری رێبازێکی ئاینی بووە. ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهانیداو بەتایبەت لەناوەندە ئەکادیمیەکاندا، ئەوپەڕی بایەخی پێ دەدرێت. دەسنووس و زانیارییەکی زۆر لەسەر مەولانا هەن، کە بەداخەوە خوێنەری کورد لێیان بێبەشەو پێویستە دامەزراوەیەکی زانستی هەوڵبدات، مەولانا بۆ ناو جەرگەی زێدو وڵاتی خۆی بگێڕێتەوەو هەرچی شوێنەواری ئەم کەسایەتییە گەورەیە هەیە، سەرلەنوێ لەڕێگەی چاپ و میدیاوە، بەخوێنەران، ئاشنایان بکاتەوەو تەپ و تۆزی (نامۆ)یی و تاراوگەی لێ بتەکێنێت!

بێگومان گەر ئەم کارانەو چەندین پڕۆژەی تریش بەوردی جێبەجێ بکرێن، هێشتا ناتوانرێت باسی دەستپێکردنی نووسینەوەی (مێژووی بیری کوردی) بکرێت.

بەڵام ئەم هەنگاوانە زەمینە خۆشکەرن بۆ دۆزینەوەی پەیکەرێك، کە دەستی زەمانە لەبن گڵ و قوڕاودا شاردوویەتییەوەو هیچ لایەکی بەڕوونی بەرچاوی ئێمە ناکەوێت و بەشێکی زۆری رووناکبیران پێیانوایە ئەو جۆرە پەیکەرە بوونی نییەو تەنیا لەجیهانی خەیاڵ و فەنتازیادا، رەنگە هەندێ (وێنە)ی دەست بکەوێت.

من، بەوشێوەیەی لە (مێژووی بیری کوردی) تێگەیشتووم و پاچ و خاکەنازی کۆڵین و گەڕان و پشکنینم، بەدەستۆگرتووەو سوور دەزانم، بە ئاسانی و بەبێ ئارەقی شین و مۆر، لەناو قوڕاوێکی خەست و خۆڵدا، دەبێ ماوەیەکی زۆر هەر قوڕان بشێلم و بۆ شینە پەیکەر بگەڕێم.

ئەو راستیەش چاك دەزانم، چاپی یەكەم دەبوایە هەندێ وردەكاری بۆ بكەمو هەندێ پەراوێز، رەنگە زیانی بۆی نەبێت.

من هەرچی بیردەكەمەوە، بابا تاهیر هەمەدانیو مەلای جزیریو فەقێ تەیرانو مەلاپەرێشانو خانای قوبادیو سالمو بایەزیدیو ... هتد. هەر هەموو بۆ رەشبەڵەكێك بانگم دەكەن، كە ئەمسەرو ئەوسەری دیار نییە. دڵنیام ئەم پرۆژەیە، درەنگ بێت یان زوو، جێبەجێ دەكرێت، بەڵام ئەم ئەركە، ئەركی تاقە كەسێك نییەو پێویستە دەزگایەكی زانستی بۆ ئەم كارە تەرخان بكرێت.

من بۆ نێوی ئەم كتێبە سادەو بچووكەم ناوە (مێژووی بیری كوردی)؟

ئایا هەرچی لەم كتێبەدا ناوی هاتووە، خاوەن هزرو بیرەو ئەوانەی لەدەرەوەی "بازنە"كەدان، ئەوە نابێ بەخاوەن بیر بژمێردرێن؟

مەبەست لە "بیر" چییە؟

ئایا مەبەست تەنیا بیری فەلسەفیو هزری سیاسیو دینییە، یان بیر، تێكەڵاوییەكە لەپەلكەزێرینەو لای هەر مێژوونووسو شاعیرێك لایەنێكی بەجۆرێك دەردەكەوێت؟

ئەوی راستی بێت من خۆمم بەچمكی كەوای هیچ تیۆریو قوتابخانەیەكەوە گرێ نەداوە. نەمویستووە چوارچێوەیەكی پۆڵایین بۆ بیری خەڵكو بیری خۆم دانێم. بەگوێرەی یەك پێوەرو یەك هێڵو یەك مقەست كارم نەكردووە. كۆمەڵناسیو دەروناسیو سیاسەتناسیو مێژووم بەیەكەوە گرێداوە بۆ تێگەیشتنی دەقێكی ئەدەبی. بریا بمتوانیبایە لەسۆفیگەریو رێزمان سەردەربكەم: مێژووی سیاسی ئێمە، پێویستی بەخوێندەوەی جیاوازە. شیعرەكانی "نالی" پێویستیان بەخوێندنەوەی رێزمانو زمانەوانی و گراماتیكن. ئێمە نەتوانیین بینای "زمانەوانی" قەسیدەیەك بخوێنینەوە، چۆن دەتوانیین شیبكەینەوەو لێیتێبگەین؟

یەك لەو كێشانەی رووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە، ناسنامەی بەشێك لەمێژوونووسو نووسەرانمان روون نییە: ئەمانە هیچیان لەسەر "ناسنامەی نەتەوەیی" خۆیان نەنووسیووەو بەرهەمەكەیان بە كوردی نییەو هەندێكیان رەگو رەچەڵەكی خۆی بۆ سەر عەشیرەتێكی عەرەب، یان فارس گێڕاوەتەوەو پێی پەشم

بووە، راستو رەوان بەخۆی بڵێت : کورد، مێژوونووسی بەناوبانگ "ابن الأثير الجزري" خاوەن کتێبی "الكامل في التأريخ" راستو رەوان بەخۆی دەڵێت "الشيباني"! یەکێکی وەکو "ئیبن خەلەکان" خۆی دەکاتە "بەرمەکی" فارس. هۆی شاردنەوەی "ناسنامەی نەتەوەیی" دوێنێو ئەمڕۆ، لەیەك دەچێت. بەهۆی "کورد بوون"ەوە، نووسەر دەبێ زیان لەخۆی بداتو ژمارەیەك دەرگا لەخۆی دابخات.

من کێشەی "کورد بوون"و "کورد نەبوون"ی ئەوانە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی جێدەهێڵم. بە گوێرەی ئەو پێوەرە بێت: "مەولانا خالید"و شێخ مارفی نۆدێو "مەولەوی" کورد دەرناچنو خۆیان شانازییان بەوەوە کردووە، کە باپیرانیان پێش بیست سی پشت بۆ نەوەی یەکێك لەئیمامە گەورەکانی ئیسلام دەگەڕێنەوە.

هەر پاش بڵاوبوونەوەی (چەپکێکی تر لە گوڵزاری نالی)و (چەپکێك لە گوڵزاری مەولەوی)، (حاجی قادری کۆیی) ژمارەیەك برای ئازیز هانیاندام، لەسەر ئەو زنجیرە بەردەوام ببمو هەمووی لە کتێبێکدا بڵاوبکەمەوە. د. ئەنوەر قادر محەمەدو جەبار فەرمانو مەلا بەختیار و عیماد ئەحمەدو د. ئەرسەلان بایزو ئازاد جوندیانی و موحسین عەلی ئەکبەرو محەمەدی مەلا کەریمو د. نەجاتی عەبدوڵڵا و فوئادی مەجید میسریو دانا ئەحمەد مستەفا، پێشەنگی هاندەرانم بوونو ئەوان نرخی کارەکەیان دەزانیو رەنگە ئەو هاندانە مەعنەوییە نەبوایە، ئارەزووی ئەوەم نەبوایە بۆ ماوەی نزیکەی هەژدە ساڵ لەسەر ئەم کارە بەردەوام ببم.

بە ئەوپەڕی رێزو پێزانینەوە سوپاسی د. ئەنوەر قادر محەمەد (زانکۆی سلێمانی)و د. هەڵکەوت حەکیم (زانکۆی سۆربۆن) و هاوکارانم کاك حەسەن یاسینو هەوراز محەمەدو ئەلەند (ئەکبەر حەسەن) دەکەم، کە بە تێکستە نوێیەکاندا چوونەوەو تێبینیو سەرنجی خۆیان بۆ نووسیمو لەهەڵەو کەموکووڕی ئاگاداریان کردمەوە..

**مامۆستا جەعفەر**

**سەرچنار ٢٠٠٩/١/١٨**

# پێشەکی چاپی یەکەم

ئـــەم کتێبـــە حـــەوت لێکۆڵینەوەیـــە، کـــە لـــەنێوان ١٩٩٣ - ٢٠٠٤ نووســـراون‌و بڵاوکراونەتـەوە. ئـەوی راسـتی بێـت، رۆژێـك لـەرۆژان هـیچ نیـازێکم نـەبووە، هـەر حەوتیان پێکەوە چاپ بکرێن. چەند جوان دەبوو، مێژووی ئەدەبی کوردی سەر لەنوێ بنووسرێتەوەو ئەو سێ لێکۆڵینەوەیەی لەسەر نالی‌و مەولەوی‌و حاجی قادری کۆیی نووسراون، خانی‌و جزیری‌و خانای قوبادی‌و سالم‌و کوردی‌و شێخ رەزای تاڵەبانی‌و مەحوی‌و شێخ نوری‌و گۆران . . تاد. بخرایەتە پاڵ. شێوازی لێکۆڵینەوەو گەران بەدوای جیهانبینی‌و تێگەیشتن‌و بیری شاعیران، رێگەیان نەدەدام بە ساڵێك‌و دوو ساڵ سەرجەمی پرۆژەکە تەواوکەم. نەبوونی سەرچاوەی پێویست‌و بڵاونەکردنەوەی بەرهەمی زۆربەی شاعیرو نووسەران بە شێوەیەکی زانستی، ئەرکی لێتۆژینەوە سەخت‌و ئاڵۆز دەکات.

نیو سەدە لەمەوپێش، یەکێکی وەکو مامۆستا سەجادی چەند بوێرو ئازاو چاونەترس بووە، بەتاقی تەنیا کتێبی: "مێژووی ئەدەبی کوردی" نووسیووە. شۆرەسوارانی وەکو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس‌و کاك فاتیح‌و کاکە حەمەو مامۆستا مەسعود محەمەد لەکارە ئەدەبیەکانیاندا کەم وێنەو رچەشکێن بوون. ئێستا من، نە لای خۆمان‌و نەلە رۆژهەڵات‌و نە لە باکووری کوردستاندا، هیچ تروسکاییەك لەئاسۆی مێژووی ئەدەب، یان بڵاوکردنەوەی دیوان‌و بەرهەم‌و ژیاننامەی شاعیرو نووسەران بەدی ناکەم، کەتۆزێك لەکاری دەستەی پێشرەوان بچێت!

خەڵکی وەکو مامۆستا مەلا کەریمو مەسعود محەمەدو سەجادی.. هەڵنەکەوتن. ئەوە نیشانەی کارەساتو نەهامەتیو کۆتایی ژیان نییە! رۆژگار گۆڕاوەو ژیانو پەروەردەو خوێندنی رووناکبیری ئەمڕۆ وەکو دوێنێ نییە. ئێستا زانکۆو دەزگای ئەدەبیو زانستی هەن، کەدەتوانن ئەنجامدانی کارێك بە یەکێکی پسپۆڕ بسپێرن، یان پرۆژەکە بەکۆمەڵ جێبەجێ بکرێت: بۆ نووسینەوەی ((مێژووی ئەدەبی کوردی)). دەکرێ نووسین لەسەر ژیانو بەرهەمی شاعیرێك بە یەکێکی شارەزا بسپێردرێتو دە لاپەڕەی چڕوپڕ بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرێت، ژیاننامەی ژمارەیەك لەشاعیرانی هەڵبژاردە پێکەوە، ئەوە مێژووی ئەدەبی کوردی نووسرایەوە..

نووسەرانی رۆژاوا بە شێوەیەکی گشتی ئەم رێگەیە دەگرنە بەرو لەماوەیەکی کورتدا، کتێبێکی چڕوپڕو ئەستوور لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران. بۆ نووسینی لێکسیکۆنو ئینسکلۆپیدیا، هەر لەزەمانی رۆسۆو مۆنتسکیۆوە تا ئەمڕۆ، بەکۆمەڵ کاردەکەن. کەس نییە لەهەموو گۆمێکدا مەلەوان بێتو لەهەموو بوارێکدا شارەزاو لێزان بێت.

**جارێ ئەدەبی کلاسیکی بە سێ دیالێکت نووسراوە:**

کرمانجی سەرو گۆرانیو سۆرانی . . ئەگەر لوڕیو کەلهوڕیو کرماشانیشی بچێتە سەر، ئەوە ئیدی رووبەری جوگرافی سامانی ئەدەبی فراوانتر دەبێت. کێ هەیە بەوردی شارەزای بەرهەمی زۆربەی زۆری شاعیران بێتو وەکو یەك لێیان تێ گەیشتبێت؟

ذبیح الله صفا (تاریخ ادبیات در ایران) بە پێنج بەرگ نووسیوەو لەسەرهەڵدانی ئیسلامەوە دەستی پێکردووەو ئیدی هەرکەسێك لەهەر کوێیەك بووبێتو بەهەر زمانو دیالێکتێك نووسیبێتی، هەرخۆی بە (ایرانی) دانابێت، ئەو بەسەری کردۆتەوە. خەونێکی یەکجار مەزن نییە، ئێمە ئەو(مۆدێل)ەی ئەو لەنووسینی مێژووی ئەدەب لەبەرچاو بگرین.

هەر زۆر لەبەر دڵم گرانە، نێوی ئەم کتێبە "مێژووی بیری کوردی" بێت، چونکە دەزانم دەیان گوڵی مەجلیسەکە جێگەیان خاڵیە: بیری کوردی بەبێ خانیو جزیریو مەولانا خالیدو . . بەیارو چۆڵەوانیە. . . جارێ ئەو بزاڤە فیکریەی مەولانا خالید دامەزرێنەری بووە، تا ئەمڕۆش بەردەوامەو لەسەرانسەری جیهاندا، نزیکەی پانزە ملیۆن موریدی هەیە. ئەحمەدی خانی چرایەکی ئەوەندە گەشە، هەر وا دەزانی تازە «مەمو زین» ی رەوانەی چاپخانە کردووە! راستە "هزری نەتەوەیی" ئەو، هەر زۆر لەگەڵ بیری ناسیۆنالی مۆدێرن جیاوازە، تیشكو رووناکی بلیمەتی، سنووری جیاوازی سڕیوەتەوە. زۆر زاناو شارەزا پێیان وایە، گەر خانی ناسیۆنالست نەبێت، کەس ناسیسۆنالست نییە. دەستەی یەکەمی بیری نەتەوەیی «حاجی قادری کۆیی، نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان،.. » هەرزۆر لەبن کارتێکردنی «مەمو زین» ی خانی دا بوونو تا ئەم چرکەیەش خانی گرنگی خۆی لەدەست نەداوە..

پاش نووسینی هەر لێکۆڵینەوەیەك بەماوەیەکی زۆرکەم، بۆم دەرکەوتووە، دەبا ئەو نووسینە درێژەی پێبدرایەو چەند خاڵی گرنگ نەدەبا لەسەری نەنووسرێت:

بەڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێم، هەرچەند هەوڵمدا شتێك لە "الفضيلة" و"العقيدة المرضية" و "فوائح" ی مەولەوی هەڵکرێنمو تۆزێك لەبیری ئایینی ئەو تێ بگەم، کتێبەکانم بە داخراوی بۆ سەر رەفەکە گێڕایەوە.

یەکێك بە تەواوی لەرێبازی نەقشبەندی تێنەگاتو نەتوانێ بەرهەمەکانی مەولەوی بەوردی بخوێنێتەوە، چۆن دەتوانێ لەسەربیری ئەو بنووسێ؟

تێگەیشتنی «نالی»، کاری نەخوێندەوارێکی وەکو من نییە. ئەگەر خوێندەواریش بام، هەروا بە ئاسانی رێگەم بۆ دوورگە شاراوەکانی دەریای پڕ شەپۆلانی شیعرە مەتەڵاویەکانی نەدەدۆزیەوە. من توانیومە تەنیا لەگۆشە نیگایەکەوە بڕوانمە جیهانی ئەو. خوێندنەوەی دووەم ژمارەیەك پرسیاری سەرسووڕهێنەری لا دروست کردوومو پاشەکشەم بەڕەواو گونجاو بۆ خۆم داناوە. هەر دوابەدوای بڵاوبوونەوەی «چەپکێکی تر لەگوڵزاری نالی»، چەپکە گوڵی ترم لا دروست بووەو کاتی دارشتنەوەیانم نەبووەو ئێستا لەنەنووسینەوەیان هەر زۆر پەشیمانم!

نووسین لەسەر "شەرەفنامە" بە دوو سێ لاپەڕە، پڕ ناکرێتەوە! ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندیم بە چەند رووناکبیرێکی باکوورەوە کرد، بۆئەوەی لەشارێکی ئۆرۆپی کۆنگرەیەك بۆ یادی چوارسەد ساڵەی شەرەفنامە بگێڕێت. پێشنیارێکم کرد:

یەکێکی وەکو مارتن ڤان بروینسن لەسەر لایەنی ئابووری شاکارەکە بنووسێ: شەرەفخان زۆر حیسابی بە دراوی جیاواز کردووە وەکو: درهەم‌و لیرەی سوورو ئاقچە.. هتد. هەر دراوێك لەسەردەمی خۆیدا نرخی خۆی هەبووە، خوێنەری ئەمڕۆ تێیان ناگات.

ئەو بەڵگانەی لەسەر شەرەفخان هەن‌و بەشێکیان لەم ساڵانەدا بڵاوکراونەتەوە، هەمووی کۆکرێتەوەو بکرێتە کوردی‌و ئینگلیزی.

دوو کەسایەتی بنەماڵەی شەرەفخان ئامادەیی خۆیان دەربڕی لەسەر شەرەفخان‌و بنەماڵەکەی، دوو لێکۆڵینەوە بنووسن.

دوو نووسەرمان دۆزیەوە لەسەر شاری بتلیس، لەڕووی گەشەکردن‌و پەرەسەندنی مێژوویی‌و بارودۆخی ئابووری‌و سیاسی‌و ئیداری بنووسن.

خۆشم دانرابووم لەڕوانگەیەکی سۆسیۆلۆگیەوە شەرەفنامە بخوێنمەوە. .

ئەمە هێڵی گشتی کۆنگرەکە بوو. پاشان ١٩٩٧ کۆنگرەیەك لەبەرلین گیرا، بەحیساب بۆ یادی چوارسەد ساڵەی شەرەفنامەبوو. لەراستیشدا پێشنیاری کۆنگرەی زانستی بۆ مەهرەجانێکی سیاسی/ حیزبی شکایەوەو بڕواناکەم هیچ بەشدارییەکی لەبوژاندنەوەی یادی شەرەفنامە کردبێت. من نە بەشداریم تێداکردو هەستم کرد، کۆنگرەکە ئەو رووداوە کولتووریە/ مێژووییە دەوڵەمەند ناکات!

من، هەر حەوت نووسینەکە وەکو خۆی، بەبێ دەسکاری، سەرلەنوێ بڵاودەکەمەوە، زۆر چاك دەزانم، هەرهەموویان پێویستیان بە مشتومالکردن‌و راستکردنەوەو خستنەسەر هەیە. راستی تریش دەزانم، سەبارەت بە ئەم کارەو پرۆژەی تری تەواو نەکراو.. لەسۆنگەی نەتوانینیی خۆتەرخانکردن بۆ ماوەی چەند ساڵێك بۆ یەك کار، ناچاری دەستم شل دەکاتەوەو ئەو بۆچوونە پەسەند دەکەم، بۆ هەنگاوی یەکەم ئەم بەرهەمە بەردەستی خوێنەر بکەوێ‌و بکرێتە بەردی بناغەی کاری زۆرلەمە چاکتر.

کێشەی هەرە گەورەی ئێمە: تێڕوانینو تێگەیشتنی سامانی ئەدەبیو فیکریو مێژووییمانە. هاوولاتی کوردستان بە گشتی بواری چاکی بۆ نەگونجاوە، شارەزایی پێویست لەتیۆری جیاجیا ئەدەبیو سۆسیۆلۆگیو دەروونناسی پەیدابکات.

لێکۆڵەر دەبێ بزانێت لەکام گۆشەنیگاوە دەڕوانێتە بەرهەمی شاعیرێك یان نووسەرێك! دەروونناسێك دیوانەکەی گۆران بخوێنێتەوە، بەجۆرێك لێی تێ دەگاتو کۆمەڵناسێك بیخوێنێتەوە، بە ئەنجامێکی تر دەگاتو زمانەوانێك بیخوێنێتەوە، رەنگە تەنیا سەرنجی رێزمانو وشەو گەشەکردنی زمان بداتو ئەوەندە بایەخ بەباری دەروونیی شاعیرو باری کۆمەلایەتیو هەلومەرجی مێژوویی نەدات.

ئێمە پێویستیمان بە بیست جۆرە خوێندنەوە هەیە، ئینجا رێگە بەخۆمان بدەین، باس لەکارکردن لەسەر رابردوو بکەین. هەرچی کراوە، بەرهەمی کاردانەوەو شەقلی ناچاریو هەولی تاکەکەسو هەستکردن بە بەرپرسیارێتی پێوە دیارە، بەلام هەر هەمووی کاری سەرەتایینو دەبێ لەمەودوا خەلکی پسپۆڕوکارامە بێنە مەیدانەوەو رووی بازاڕی کتێب بگۆڕن.

مەبەست لە تێگەیشتن، تەنیا تێگەیشتنی دیوی دەرەوەی دەقێکی ئەدەبی نییە. ئەم تێگەیشتنە زمان دەکاتە پێوەرو ئامرازی تێگەیشتن، جیهانبینی شاعیر لەوبەری کەناری سەرنجو گرنگیپێدان رادەگیرێت. لێرەدا بەشێك لەبەرهەمە شیعرییەکانی مەولەوی بۆ نموونە دەهێنمەوە، کە تائێستا تێگەیشتنیان بۆ هەورامیو مەولەویناسانیش ئاسان نەبووە.

نزیکەی سەدو بیستو دوو سال بەسەر مردنی (مەولەوی)دا تێدەپەڕێتو هێشتا ئێمە بەباشی لێی تێ نەگەیشتووینو گرنگی نازانین. دیارە تەنیا جیاوازیی دیالێکت، تاقە هۆی تێنەگەیشتن نییە. من رەنگە سەدجار دیوانەکەم خوێندبێتەوەو سیو دوو سال لەمەوپێش یەکەمین جار وتارێکی عەرەبیم لەسەر نوسیووە. ئەم جۆرە خوێندنەوەو نووسینە ناتوانن لەبینینو تێگەیشتنی دیوی دەرەوەی توێکلی شیعرەکان تێپەڕێنن.

دوای بڵاوبوونــەوەی ((چــەپکێك لــەگوڵزاری مەولــەوی))، دیــارە لــەبن كــارتێكردنی گوێتە، بیرم لـەوەكردەوە باشتر هەوڵدەم سـەعدیو حـافزی شیرازیو مەولـەوی رۆمـی بخوێنمەوە. من ئێستا لـەوە چاك تێدەگـەم بۆ ئێمـە بـاش لـە ((مەولـەوی)) خۆمـان تـێ ناگەین. لـەوە دەچێ هاوچـەرخەكانی ((مەولـەوی)) خـۆی لەئێمـە چـاكتر لەكەسایەتیو نــاوەڕۆكی شــیعرەكانی مەولــەوی تێگەیــشتبن. هــەر بۆیــە ســەید عەبــدولرەحیمی تاوەگۆزی، كە نازناوی شیعری ((مەعدووم)) بـووە، كەچـی ئـەوان نـاوی ((مەولـەوی)) یـان بەسەریدا دابڕیوە. ئەوان رەنگە زۆربەیان مەولەویناس بوونو بەلای كەمەوە ((مثنوی)) و ((كلیات شمس تبریزی)) یان خوێندبێتەوەو نزیكیی ((مەعدووم))یـان لەگـەڵ مەولـەوی رۆمی (١٢٠٧ ـ ١٢٧٣) رەچاو كردبێت.

مەولەوی ئێمە، نەكوڕی وەكو (سولطان ولد)ی بووەو نەدۆستو هاوڕێو قوتـابیو خەلیفەی وەكو (صلاح الدین زركوبو حسام الدین چلبیو فریدون بن أحمد سپهسالارو شمـس الـدین أفلاكـیو.. تـاد) هـەبووە، وردتـرین زانیـاری لەسـەر ژیـانو بیروبـاوەڕی كۆكەنەوەو بەرهەمەكانی بەجوانی بپارێزن. رێبازی سۆفی جەلال الدینی رۆمی شێوەی دامەزراوە (ئینستیتوتسیۆن) بەخۆیەوە بینیوەو پەلو پۆی بۆ زۆر شوێن هاویـشتووە. ئەولیا چەلەبی ساڵی ١٦٣٥ لەسەر داخوازی سوڵتان محەمـەدی چـوارەم، ئامارێـك لەسـەر خانـەقای مەولەوییـەكان تۆمـار دەكـات. لـەوێ ژمارەیـان بـە ٥٥٠ دادەنـێ، لەگـەڵ ٦٠٠٠ حوجرە.. بەردەوامبوونی رێبازەكەو بەردەوامبوونی نەوەكانی مەولەوی، دەوری خۆیـان لەپاراستنی شوێنەواری مەولەوی رۆمی بینیوە.

مەولـەوی تـاوەگۆزی لـەدەیان قەسـیدەو غەزەلـدا باسـی (سـاقیو مطرب و مـەقامو دەفلێدانو گۆرانیو مەیو مۆسیقا..)ی كردووە:

رۆ جە شەو فێشتەر زارو زەلیلم
ساقی! سا جامێ، ئەمجار دەخیلم
بدەر پێم نۆش كەم چون هەردە جاران
وە رەغم گردین گرۆی مەیخواران

شیعر ویٚم تەنخوای سەمتوور سازیٚ

لیٚدەر، سا نەی چی! هەر تاریٚش گازیٚ

چنگ پیٚکۆ نە جەرگ نەغمەی سازەکەت

بەرارۆ تۆ تۆ میقراز گازەکەت

سا دەرویٚش! کەفیٚ بدە نە رووی کەف

گیان منتظرەن پەریٚ ریٚزەی دەف

مغنی! لیٚدەر یەک نیمشەو سازان

بەشقی ئەو کەسە تۆش ناوات وازان

بەڵکە خەمانم تۆ دەری وە باد

هەی های جوانم، فریٚم هەن مراد

ساقی! سا دەخیل وە فریادم رەس

بەرووی نازەوە جام گیٚرە وە دەس

دەور دەرە وە ناز چون هەردە جاران

پیٚم دەر یەک مەنیٚ سەباو ئیٚواران

باوەس باڵینم سیٚڵاو هوون بۆ

ئامیٚتەی زووخاو دیگ دەروون بۆ

ئێمە دەزانین ئەو نەقشبەندی بووەو ئەم رێبازە رەنگە تاکە رێبازی سۆفی بێت، رێگەی بە (سماع) نەدابێتو کۆڕەکەیان بە بێدەنگی بکەن. رێبازی مەولەوی رۆمی رێگەی بە (سماع) داوەو لەخانەقادا سەماو گۆرانیو بەکارهێنانی ئامرازی مۆسیقا رێگەی پێدراوە. واتە: مەولەوی بەدڵو بەگیان پەیڕەوی رێبازی نەقشبەندی کردووە، بەڵام لەجیهانی شیعریدا، لەجەلال الدینی رۆمیەوە نزیك بووە!

هەر کەسێك دیوانی مەولەوی بخوێنێتەوەو لەنامە شیعرەکانی بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەییو ئەحمەد پریسیو ئەحمەد بەگی کۆماسیو شێخ یوسفی نۆسمەیی.. تاد.

وردبێتـەوە، بـەبێ ئـەوەی لەشـیعرەکانی ڕۆمـی بـۆ شەمـسی تـەبریزی ئاگـادار بێـتو تێگەیشتبێت، ناتوانێو وێنای جیهانی میتیۆلۆگی شاعیر ڕەچاو بکات.

بەشێك لـە"ڕووناکبیران"ی کورد بەچاوی سووك دەڕواننـە بەرهـەمی شـاعیرانی کلاسـیكو پـاش کلاسـیك. ئـەم دیاردەیـە بەلگـەی نـامۆبوونو بەهەڵـە تێگەیـشتنە لەئـەدەبو بیری مـۆدێرن. لەلەنـدەن شانۆ هەیـە هـەر لەسالّی ١٨٠٠ز. تائـەمڕۆ هـەموو شەوێ، بەبێ پچڕان، شانۆگەری شکسپیر دەنوێنێ. لەئەڵەمانیا نەك زۆربـەی نووسـەران، بـەڵکو ڕۆژنامـەنووسو سیاسـییەکانیش نووسـینی خۆیـان بەشـیعرێکی گوێتـە، یـان ڕسـتەیەکی تۆمـاس مـان یـان فـرانس کافکـا دەرازێننـەوە. ڕۆژێـك کەناڵـە ئاسمانییـە ئەڵەمانییـەکان دەنگوباسـی سـەفەری سـەرۆك وەزیـران گێرهارد شـرویدەری بـۆ چـینو ماچین بڵاوکردەوە. کیژێکی چینی، بەبڕگەیـەکی فاوستی گوێتـە دەسـتی بەقـسە کـرد. شـرویدەر بـەبێ ئـەوەی هەسـتی کیـژە چـینییەکە بڕوشـێنێ، کـەتۆزێ بەخواروخێـچی دێڕەکەی خوێندەوە. ئـەو نزیکـەی سـی بـەیتی فاوسـتی لەبـەر بـوو، هێنـدەی بـەجوانی خوێندەوە ئەو خەڵکە بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێدا.

ئێـستا لەئـەمریکادا چـەندین سـایت لەسـەر مەولـەوی ڕۆمـی هەیـە: شـیعرەکانی بـەوەرگێڕاوی مـۆتیڤو مینیـاتووری ڕۆژهەڵاتییـەوە پیـشان دەدرێـت. دەیـان گرووپـی سەماکردنو مۆسیقاو گۆرانی ناسراو هەن، کـە مۆسیقای تایبـەت بەمەولـەویو سـەمای سۆفیانە دەکـەنو گـۆرانیو شـیعری مەولـەوی دەڵێنـەوە. ڕۆژی ١٩٩٧/١١/١٥ لەڕۆژنامـەی (کرسـتیان ساینس مۆنیتـۆر)* مـەقالێکی ئەلکساندرا مـارکس بڵاوکردۆتـەوە، کەتێیـدا هاتووە:

"شـیعرەکانی جـەلال الـدین ڕۆمـی زۆرتـرین نوسـخەی کتێبـی لـێدەفرۆشرێت". هەنـدێ گرووپـی یۆگـا، وەکـو ناوەنـدی (جیوامـوکتی) کاتێـك مەشـقی (ئیرۆبـك) دەکـەن، بەخوێندنـەوەی شـیعری مەولـەویو مۆسـیقا، ئێوارەکـەیان بەسـەر دەبـەن. مـەدۆنای

---

* پێشەکی کتێبەکەی:

(Franklin D. Lewis) : Rumi Past and present East and West.

نموونەی کاریگەرێتی بیروباوەڕو شیعری ڕۆمی لەسەر کۆمەڵی ئەمریکی دەردەخات.

گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی، کە بەمەلیکەی ڕۆك دەناسرێت، بەوە ناوی ڕۆیشتووە، کە مەولانای ڕۆمی زۆر کاریتێکردووە.

کاك ئەنوەر قادر محەمەد، کەنامەی دکتۆرای لەسەر (مەولەوی تاوەگۆزی)نووسیووەو پێش ئەوەی بۆ دەرەوەی وولاتیش سەفەر بکات، بەیەکێك لەمەولەویناسان دادەنرا. ئێستا لێکۆڵینەوەیەك لەسەر کارتێکردنی مەولەوی ڕۆمی لەسەر مەولەوی تاوەگۆزی ئامادە دەکات. ئەو دەیگوت کاتێك لە لینینگراد داکۆکیم لەنامەی دکتۆراکەم دەکردو شیعری مەولەوی خۆمانم دەخوێندەوە، یەکێك لەزانا گەورەکانی ئیراناسیو ئیسلامناسی (بۆڵدرێف) نەك هەر بەراوردکردنی مەولەوی تاوەگۆزیو حافزی شیرازی بەناسایی زانیوە، بەڵکو بەئیعجابەوە بەم شێوەیە لەسەر مەولەوی دواوە: "بەداخەوە، تا ئێستە ئێمە ئاگامان لەم جیهانە دەوڵەمەندە - لەشیعری مەولەوی نەبووە. من پێم وایە شیعری مەولەوی لووتکەیەکی بەرزی شیعری ئینسانییە" ئێمە قەرزاری یەکێکی وەکو (بۆڵدریف)ین، کە بەئینسافەوە ستایشی مەولەوی کردووەو شیعرەکانی بەرز نرخاندووە. ئێمە هێشتا خۆمان لەدەست قۆناخی شەرمکردنو خۆبەکەمگرتن دەرباز نەکردووەو ناوێرین بەشێوەیەکی بابەتیانە بەرهەمو کاری یەکێکی خۆمان هەڵسەنگێنین.

لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، بەشێك لەشیعرەکانی گۆرانی شاعیر بەسویدی بڵاوکرانەوە. شاعیرێکی سویدی گوتبووی گۆران لەنیرۆداو لۆرکا کەمتر نییە، هەر لەبەر ئەوەی کوردە کەس مافی خۆی نەداوەتیو وەکو پێویست گرنگی پێ نەدراوە.

من بەجوانی نازانم بۆچوونی نووسەرێکی ئەڵمانی پسپۆڕو کارامە بگێڕمەوە، چونکە پەیوەندی بەنووسینێکی خۆمەوە هەیە، بەلام هەر بۆئەوەی سەهۆڵبەندانی ئەم گیانی خۆ بەکەمگرتنو لاوازیە دەروونییە وردو خاش بێت، ناچارم قسەی کابرایەکی ئەڵمان بگێڕمەوە. ئەو چیرۆکی (هەلاتن)ی بەوەرگێڕاوی خوێندبووەوەو دەیەویست گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانی ـ ئەدەبیم لەگەڵدا بکات. هەر هەفتەیەك چیرۆكو گفتوگۆیەکی لەرۆژنامەیەکی سەرتاسەری ئەڵمانی لەگەڵ نووسەرێکی

ناسراوی وڵاتێك بڵاودەكردەوە. من بەڕاشكاوی پێم گوت: " هەڵاتن" لای ئێمە بەر شاڵاوی تفو تووكو نەفرەت كەوتووەو پێم باش نییە، بڵاوبكرێتەوە. ئەو گوتی: " من ئەم چیرۆكە زۆربەرزە، لەئاستی ئەدەبی ئینسانی جیهانی تێدەگەم".

میكانیزمی بێدەوڵەتیو داگیركراوییو ژێردەستەیی، وای لەزۆر رووناكبیر كردووە، هەر زۆر بەنزمیو بێبایەخی سەیری (خۆمان) بكەنو بەسەرسوڕمانەوە لاسایی كاری شاعیرو نووسەری دراوسێكان بكەنەوە. ئەوەی بەپێچانەوە بیر بكاتەوە، پێیان هیچنەزانو دواكەوتووە، رەنگە لەهەموو شوێنێك دا هەوڵی شكاندنو دەرپەڕاندنی بدەن. سەیر ئەوەیە سیاسییەكان بەگشتی بیرو بۆچوونی ئەو (رووناكبیر)انە دەكەنە پێوەرو ناتوانن پاش دوانزە ساڵ ئەزموونی ئازادی، بەئازادی بیربكەنەوە.

ئێمە ئێستا پێویستیمان بەدامەزراوەی بووژانەوەو پارێزگاری سامانی كولتووری گەلی كورد هەیە، بۆ بینینو تێگەیشتنی رابردوو، بۆ گەڕانەوە هۆشو باڵادەستبوون بەسەر گرێكوێرەی خۆ بەكەمگرتنو نەریتی ژێردەستەییو بێماڵیو داگیركراوی.

سەرەتا (كۆڕی زانیاری كورد) ـ بەغدا ـ كۆمەڵێك كاری سەركەوتووی كردو هەنگاوی دڵسۆزانەی لەبواری جیاجیادا نا. ئەمڕۆ لەبن سێبەری دەسەڵاتی خۆماندا، لەم ئاسۆ پانو بەرینەدا، هیچ چەكەرەو رسكانی هیوای پرۆژە كولتووری گەورە بەدی ناكرێت، دڵخۆشی خۆمانی پێ بدەینەوە. كاتی ئەوە هاتووە وەكو گەلانی تر، بە ئەوپەڕی ئاگاییەوە لە روانگەیەكی جیاوازەوە سەیری خۆمانو رابوردوومان بكەینو داهاتوومان لەبەرچاو بزر نەكرێت.

# مێژووی بیری کوردیو
# پڕۆژەیەك بۆ تێگەیشتنی شێوەی
# بیناسازی بیرکردنەوە*

* لەڕۆژنامەی پەیامی ژمارە ١٥ ، لەندەن ، ئایاری ١٩٩٩ و هەروەها لەگۆڤاری ئاینده: ژمارە ٧ی شوباتی ٢٠٠٠ لەسلێمانی بڵاوکراوەتەوە.

# چەپکێک
# لە گوڵزاری مەولەوی*

---

*لەگۆڤاری ئایندە، ژمارە / ٣٦ ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە.

نووسین لەسەر بەرهەمو ژیانی مەولەوی کارێکی ئاسانو بێ گرێو گۆڵ نییە، هەر چەندە ئەو لەچاو نووسەرو شاعیرانی تردا زۆرتری لەسەر نوسراوەو بەشێکی شیعرو نامەکانی پارێزراون. لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوەی مەولەوی، هەژارو بەرتەسكو کرچنە، کالاّ بەقەد بالاّی بەرزی شاعیری بلیمەت نییە[١]. ئەمەی منیش دەینوسم تەپو تۆزێکی بێ بایەخو بێ تاموبۆنە لەپەراوێزی ناوەڕۆکی شیعرەکاندا . نە نوکی خامەو نەهۆشو زانیاریو بین درێژی لەگەڵ بەختو نەوچاواندا ئەوەندە کۆکن. ئەمە بەردی "سیزف" ە، بەرەو هەوراز پالّی پێوە دەنرێو پێش ئەوەی بەلووتکە بگات، بەردەبێتەوە، یان ریسی رەنجی سالاّنەو دەبێتەوە بەخوری .

من بیانویەکی نیمچە رەوام بەدەستەوەیە، کەخۆم بەنوسەر دانانێمو ئەوەی دێتە بەرهەم، تەنیا بەری سەرنجو تێبینیو خوێندنەوەی ئاساییە، نەك بەری لێکۆڵینەوەو قولّبونەوەو تێگەیشتنو رامان.

من هەست بەبۆشاییەکی گەورە دەکەم؟ بۆشاییەك، کە بەهەوڵو تەقەلای تاکە کەس بەئاسانی پڕناکرێتەوەو دەبێ هەر لەئێستاوە پرۆژەی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، دانرێ. هەر وەکو چۆن دێهاتە ئەنفالکراوەکان، بەرە بەرە دروست دەکرێنەوەو شەقامەکان نوێ دەکرێنەوەو دارستانەکان دەبوژێنەوە. دەبێ ئاوڕێك لە ناسنامەو رابوردوی ئەدەبیمان بدەینەوەو پرۆژە دانرێ بۆ رزگارکردنی گۆرانو نالیو سالمو کوردیو مەولەویو مەولانا خالید[٢] و حاجی قادری کۆییو خانیو شەرەفخانی بدلیسیو ئیبن ئەزرەقی فارقی جزیریو ئەبوبەکری موصەنیفو شێخ رەزای تالّەبانیو شێخ عەبدولڕەحمانی خالصی تالّەبانیو بێسارانیو مەلا پەریشانو خانای قوبادیو ئیبن ئادەمو مەلا ئیدریسی بدلیسیو بەدیعئولزەمان جزیری .. تاد. دەستم لەهەویرە هەر ئەمەندەم لەبیرە . مێژووی سەرانسەری چڕوپڕو قوڵو پانو بەرین هەر زۆر پێویستە. لێرەدا هەروا ئاماژەم بۆ هەندێ چرای سەر رێگەی مێژووی بیرو ئەدەب کردوە. گەلانی ئۆروپی، نەك تەنیا هەموو

شتێکی خۆیان وەکو چاویان دەپارێزن، زۆرجار گەنجینەی گەلانی تریش داگیردەکەن‌و لەمۆزەخانەو پێشانگاکاندا دەیان نوێنن‌و خۆشیانی پێوە دەنوێنن. ئێمە لەچاو گەلانی دراوسێشدا هیچمان بەهیچ نەکردوە.

جا لەبن قەمچی داگیرکەراندا چی بەچی بکەین ؟ ئەوان سەری هەر هەموو ڕێگاکانیان لێداخستوین. ژیانی بن دەستی‌و کۆیلایەتی مەمرەومەژی، هیچی لێناڕوێ. جا چی لێبڕوێ ؟

داگیرکراوی میکانیزمی خۆی هەیە : هەر وەکو چۆن سامانی نەتەوەیی بەخۆڕایی لەدەست دەڕوات‌و ژیانی ئابوری داگیرکەر پێی دەوڵەمەند دەبێ، کەسایەتی توشی تێکشکان‌و خۆناسینەوەو ناسنامە سڕینەوە دەبێ ..

بەرهەمی شاعیرو نوسەران بۆ خاوەنەکانیان دەبێتە بەڵا، گەر سەریان نەخوات. دەستی ڕێز بۆ کەس درێژ ناکرێت‌و سامانی کولتوری دەبێتە خۆراکی ئاگرومشك‌و مۆرانە.

بەهەر لایەکدا چاو دەگێڕی کەلێن‌و بۆشایی گەورە هەیە. دەست بەئەڵقەی هەر زنجیرێکەوە دەگری، لەناوەڕاستدا دەپسێ . هەر سەرەتایەك دەستنیشان بکەیت بۆ سەرەتا، هەر لەسەرەتاوە، خاڵی سەرەتا هەڵۆڵ دەردەچێ .

دیارە لەئاسۆی داهاتوی نزیکدا، ئەو ڕاستیە وەکو مانگی یەك شەوە سەرەتاتکێ دەکات : دەبێ هەوڵ‌و تەقەلای دوو بەرامبەرو سێ بەرامبەر بکەینەوە تا مێژووی ئەدەبی‌و مێژووی بیر دەنوسرێتەوەو یەك بەیەکی ئەوانەی دەنکە جۆیەکی ماڵی پاشایان خواردوە بەسەر دەکرێنەوە.

جاران بیانویەك بەدەست سیاسی‌و دەمڕاست‌و برا گەورەی کوردەوە هەبوو، کەئێمە داگیرکراوین‌و دەسەڵاتی مەرکەزی ڕێگەی بوژاندنەوەی سامانی ئەدەبیمان نادات‌و پشتگیری هیچ پڕۆژەیەك ناکرێ، شەقڵی کوردی پێوە بێت. ڕژێمی ناوەندی ڕێگەی سەرهەڵدانی دامەزراوەی کوردی نادات، گەر بزانێ ئەو دامەزراوەیە پێچانەوەی پرۆسەی

توانەوەیە .. بەڵام ئێستا هیچ بیانویەك بەدەست حكومەتی هەرێم و زانكۆی سلێمانیو هەولێرو دهۆكەوە نییە، گەر پشتگیری پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی كوردی نەكەن! ئەمە ئەركی ئەوانە پێش ئەوەی ئەركی هاووڵاتییەكی گومناوی بێ ناونیشانی دورە وڵاتی وەكو من بێت. رەنگە یەكێك بڵێ :" ئەمە مۆسیقای دوا رۆژو پرۆژەی داهاتودو دەبێ بەسكی تێر بكرێ " یان وەكو ئۆروپییەكان دەڵێن: ئەمە "لۆكسۆسە " ! ئەم قسەیە تا چەند ساڵێك لەمەوپێش تارادەیەك لەجێگەی خۆیدا بوو، بەڵام ئێستا بیانویەكی لاوازە. من بەچاوی خۆم دەبینم رۆژانە لەچاپخانەكاندا چی چاپ دەكرێ، لەسەر فلانە شاعیری مەكسیكیو فلانە رۆماننوسی ئەرجەنتینی .. . هتد. یان دەیان بابەتی لابەلای بێ سود ، گوایە ئەمە" مۆدێرنزم"ە . من ئەوەندەی ئاگاداری ئەم دونیایە بم ، نەئەمە "مۆدێرنزم" ەو نە بەمەش بیرو ئەدەبی كوردی دەچێتە پێشەوە . ئەم جۆرە بەرهەمانە بەمردویی لەدایك دەبنو هیچ لەئەركی سەرشانی ئێمە ناگۆرن. گوتیان: "حوشتر كورت بوو " گوتی: " بە من چی" ئەم جۆرە بەرهەمانە كاتێك بردویان هەیە، ئەگەر لەناخی كۆمەڵەوە هەڵقوڵێن .. دامەزراوەی حكومەتی، یان نیمچە حكومەتی دەبێ بەپلان ئیش بكاتو فەلسەفەی هەبێو بزانێ بۆ پشتگیری ئەو جۆرە بەرهەمە دەكات؟

جارێ بەرهەمەكانی "گۆران" بڵاونەكراونەتەوەو هیچیش لەسەر خۆیو كارەكانی نەنوسراون، كەچی كاكی نوسەری كورد دەنوسێ بەكابرایەكی ئۆرپییەوەو لێی نابێتەوە.

كابرای " بلیمەت " ی ئۆروپی ، نە لەئۆروپاو نە لەچینو ماچیندا دەنگو رەنگی هەیە. گەر دەزگایەكی كوردی هەر زۆر لەسەر مەسەلەی" مۆدێرنزم" سوور بێت . دەبێ كارەكە رێژەیی بێت : ٥٪ بۆ وەرگێران ٢٠٪ بۆ مێژوو ٤٠٪ بۆ ئەدەبی كوردیو... هتد. گەر رێژەی ساڵانە هەڵەوگێڕاو بوو:

٩٥٪ بۆ وەرگێڕانی دەستی دووەم، ئەوە دیارە رێژەكە دەبێ راست بكرێتەوەو بایەخ بە "مۆدێرنزم" ئەوەندە نەدرێ . من پێم باشە، نوسەری كورد فێری چەند زمانێكی

ڕۆژهەلاتی‌و ڕۆژئاوایی بێت‌و سانسکریتی‌و ئارامی‌و لاتینی فێربێت. وەرگێران لەعەرەبی‌و فارسی‌و تورکییەوە، ناچارییەو ناڕاستە. ئەم جۆرە وەرگێڕانە ڕەنگە لەهیچ ولاتێکدا وێنەی نەبێ، وەرگێڕانی وەرگێڕاو.. ئەو وەرگێڕانە وەرمان دەگێڕێ. با لەخۆمانەوە دەست پێبکەین‌و لەنزیکەوە بۆ دوور بچین ، نەك بەپێچەوانەوە .

تاکەی دەبێ نوسراوەکانی گۆرانی شاعیر کۆنەکرێنەوەو بلاو نەکرێنەوە ؟ مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم بەرگی یەکەمی شیعرەکانی بلاوکردەوە . وەکو تاکە کەس ئەوە کارێکی زۆر مەزنەو جێگای ئەوپەڕی ڕێز لێگرتنەو تا ماوین دەبێ دەستی بەسنگەوە بۆ بگرین . دیارە ئەو لە چ هەلومەرجێکدا ئەو کارە مەزنەی ڕاپەڕاندوە . پاش نزیکەی چارەکە سەدەیەك لەو هەنگاوە، دەبا خەلکی تر نامەکانی کۆبکەنەوەو پەخشانەکانی چاپ بکەنەوەو لەسەریان بنوسن .. ڕۆژەی پیرەمێردو حاجی قادری کۆییش هەر وای لێ هات .. دەبێ دامەزراوەی رەسمی یان نیمچە رەسمی بەو کارە هەلسن‌و خۆیانی بۆ تەرخان بکەن .. من بڕوام بەوە نییە، ئێمە بتوانین مێژووی ئەدەب یان مێژووی بیر بەجارێك بنوسین . ئەوە لەکێشی کەسدا نییە، بەلام دەتوانرێ یەکە یەکە لەسەر شاعیرو نوسەران بنوسرێت . دانە دانەی مورو بەئاسانی دەکرێتە ملوانکەو ڕشتەی مرواریش هەر وایە.

### شاعیرو دەوروبەر

بەخت‌و نەوچاوانی مەولەوی لەهەندێ ڕووەوە، لەبەخت‌و نەوچاوانی نالی‌و سالم‌و حاجی قادری کۆیی‌و خانی‌و جزیری‌و قوبادی .. هتد. تارادەیەك باشترە. بەشێکی بەرهەمەکانی چاپکراون‌و نامەکانی بلاوکراونەتەوەو نەوەکانیشی هەر لەجێگەی خۆیان ماون .. ئەم خالانە یارمەتیدەرن‌و دەتوانرێ دەستیان پێوە بگیرێت، بۆ دۆزینەوەی ڕاستی نوێ سەبارەت بەژیان‌و بەرهەمی مەولەوی.

ئەرکی ئەم نوسینە لەئەرکی کارێکی ئەرشیۆلۆگی دەچێ، نایەوێ تەنیا زێڕو زیوو پەیکەرو کێل بدۆزێتەوە .. دەیەوێ گل‌و قوڕو لیتە لەسەر ڕوخساری شوێنەوار

هەڵبداتەوە، بەمەرجێ زیان بەدیوارو ناو ماڵو ئێسكو پروسك نەگەێنێ. دەیەوێ لەسەر بنەمای پاشماوەی دۆزراوە، لەهەموو لایەكی ژیانی ئەو سەردەمە بگات :

ئەرشتكتوری ناوەوەو دەرەوە( المعمار داخلي والخارجي) و هەڵسوكەوتی كۆمەڵایەتیو ئابوری .. هتد [٣]ئێستا بەیارمەتی هەندێ پرۆگرامی كۆمپیوتەر، تەنیا دۆزینەوەی هەندێ بنچینەو بەردی چینی دیوار، هەر هەموو قەڵا یان خانووبەرە لەسەر كۆمپیوتەر هەڵ دەچنرێ. ئەم جۆرە پرۆگرامە لەكاری ئەندازیاری ئاساییش بەكار دێ. جاران ئەندازیار، نەخشەی خانوویەكی بەهێڵكاری دەخستە سەر كاغەز. ئەمڕۆ بەیارمەتی پرۆگرامی جیاواز دەتوانرێ ناوەوەو دەرەوەی خانویەكی دروستنەكراو، وەكو وێنە دارێژێو زۆر لەوێنەی راستەقینە نزیكی بكاتەوە .

سەبارەت بەمەولەوی پرۆگرامی كۆمپیوتەریمان بەدەستەوە نییە، بەڵام دەتوانین لەو ئەزموونەی ئەرشیۆلۆگیا لەم ساڵانەدا بەدەستی هێناوە، سود وەربگرێت. ئەم كارە بەلاتینی پێی دەڵێن: ریكونستروكشن (Rekonstruktion) واتە : سەر لەنوێ بنیاتنانەوە یان سەر لەنوێ دروستكردنەوە .. خانویەك دەڕوخێو داری بەسەر بەردیەوە نامێنێ . كاری ریكۆنستروكشن یان ریكۆنستروكسیۆن ئەوەیە، بیناكە بگێڕێتەوە سەردەمی دروستبوونی .. یان گێڕانەوەی بۆ دۆخی جاران . سەر لەنوێ دروستكردنەوە، رەنگە زۆر لەكاری نوێ سەخت تر بێت. زۆرجار كەرەستەو خەیاڵی ئەو سەردەمە دەست ناكەوێو تەكلیفەكەی گران دەوەستێو رەنگە تەنیا نرخی مێژوویشی هەبێ . كاتێك ئەم دێرانە دەنوسم هەواڵی پرۆژەی دروستكردنەوەی " شاری تەروادە " دەخوێنمەوە، كەزانكۆی تیربر ـ ئەڵمانیا دەیانەوێ لەگەڵ یونسكۆدا جێبەجێی بكەنو رەنگە نزیكەی یەك ملیار دۆلاری تێبچێ.

ئەگەر مەولەوی سویسری، فەرەنسی، ئەڵمانی یان ئەمریكی بوایە، وڵاتەكەی ئامادە دەبو یەك ئامۆژگای بەلای كەمەوە بۆ تەرخان بكات. چونكە مێژووی ژیانی ئەو،

مێژووی گەلەکەیەتی‌و مێژووی ئەو وڵاتەیە . پشتگوێخستنی پێشڕەو و بیرکەرەوەیەکی گەورە، نیشانەی ناتەواوی‌و بەجێمانە، نەك پێشکەوتن‌و بەرەو پێشەوە چوون.

نووسینی ژیاننامەی یەکێکی وەکو مەولەوی بەشێوەیەکی زانستی فراوان، ڕەنگە بەشێك لەمێژووی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و سیاسی‌و ئابوری‌و ئایینی بگۆڕێت، بەشەکانی تریش پێویست بەسەر لەنوێ نوسینەوە بکات .

پێشەکی دەمەوێ ڕاستیەك ڕەچاو بکرێت، کەزیندوکرنەوەو پاراستن‌و گەشەپێدان‌و بایەخپێدانی بەرهەم‌و ژیاننامەی مەولەوی، بەناوی یەك بنەماڵە گرێدراوە: ئەویش زانای مەزن مەلا عەبدلکەریمی مودەریس‌و فاتیحی ڕەحمەتی کوڕی‌و کاك محەمەدی مەلا کەریمە. ئەمان دەسنوسەکانیان پەیدا کردووەو بەلێکدانەوەو شیکردنەوەی زانستیەوە، بڵاویان کردۆتەوە. ئەوەی ئەوان پێش پتر لەچل ساڵ بەئەنجامیان گەیاندوە، ئەمرۆ ڕەنگە بەکۆڕێکی زانیاری تایبەت نەکرێ. ئەوان ڕچەکەیان شکاندووەو ئەوەی دەستیان کەوتوە وەکو خۆی بڵاویان کردۆتەوەو، کاری نەوەی ئەمڕۆو داهاتویان ئاسان کردوە. بریا چوار پێنج زانای تری وەکو ئەوان هەڵکەوتایەو بەشێکی تری ئەو ئەرکەی لەکۆڵمان بکردایەتەوە. جگە لەبنەماڵەی مودەریس، دەیان کەسی تریش لەسەر مەولەویان نوسیوەو بەرهەمەکانیان بڵاوکردۆتەوە. ئەو کارانەش هەر جێگەی ڕێزو دەست بەسنگەوە گرتنن‌و نابێ پشت گوێ بخرێن. (پیرەمێرد و م. ص. ن. کانیمشکانی‌و گۆران‌و سەید تایەری هاشمی‌و سەدیق بۆرەکەیی[٤] و محەمەد عەلی قەرەداخی .. تاد ) بەشێکن لەو نووسەرانەی لەسەر شاعیریان نووسیوە .. بەداخەوە تا ئێستا تەنیا یەك کەس بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر مەولەوی وەرگرتووەو ئەویش مامۆستاو برای گەورەم (ئەنوەر قادر محەمەد)ە، نامەکەی وەکوکتێب بەکوردی بڵاوکردۆتەوە[٥] .

ئەوەی نووسراوەو دەنوسرێ، هەر هەمووی ناگاتە دە لەسەدی گرنگی‌و دەوری شاعیر لەبواری ئەدەب‌و شیعرو بیری کوردیدا. ئەمەی منیش دەینوسم تەپ‌و تۆزو خۆڵە پۆتکێی بێ سەرو بەرە لەپەراوێزی ئەرکە بنچینەییەکانماندا .

من لەم نووسینەدا دەمەویَ زۆر بەرەنگ‌و شێوەکاری‌و کەنارو بنارەوە، خۆم سەرقاڵ نەکەم‌و هەر یەکسەر لەروانگەی سۆسیۆلۆگیەوە[٦] سەیری شیعرو نامەکانی بکەم‌و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی شاعیر بکەمە بەردو داروگڵ‌و ئاوی پرۆژەی سەر لەنویَ دروستکردنەوەی قەڵای ژیاننامەی شاعیر. ئەم کارەش کارێکی یەکجار گران‌و سەخت نییە، ئەگەر وەستاو ئەندازیارو کرێکاری کارامە هەبێت . یەك خاڵی لاواز دەکەوێتە کارەکەمانەوەو دەبیَ تا زووە لەبەرچاوی بگرین‌و هەوڵی چارەسەری بدەین، تا قەتاری کات تێنەپەڕیوەو جێی نەهێشتوین .

خاڵە لاوازەکەش ئەوەیە مەولەوی لەناو کۆمەڵدا ژیاوەو ژن‌و منالّی هەبوەو دۆست‌و هاوبیرو پیرو سۆفی‌و ناسیاوی هەبوە، کەئێمە زۆر کەمیان لەسەر دەزانین. ئەوانەی ناویان لەناو دیوانەکەیدا هەیە، دەبیَ ئینسکلۆپیدیایەکی تایبەت هەبیَ بۆ تێگەیشتنی هۆو مۆتیڤی شیعرەکان . دوو کەس لەوانەی مەولەوی شیعرو نامەی بۆ نوسیون مەحمود پاشای جاف‌و مەحمودی یارەویس کەشکۆڵیان هەیە. دووەمیان چوار ساڵ لەمەو پێش بلاّوکراوەتەوە[٧] یەکەمیشیان چاوەڕوانی دەست‌و هیمەتی دڵسۆزێکە بیگەیەنێتە دەستی خوێنەران . ئەم دوو کەسە هەر زۆر لەشاعیرەوە نزیك بوون، دوور نییە لەپەنایەکەوە ئاماژەیەکی سودبەخشی تێدا نەبێت . ماوەیەك مامۆستای گەورە محەمەدی مەلا کەریم دەیەویست بەلێکدانەوەوە، کەشکۆڵەکەی پاشا بلاّوبکاتەوە. من پێم باشە شتەکە جاریَ هەر وەکو خۆی بلاّوبکرێتەوە تا ڕێکەوت بۆ یەکێکی تری ڕێك دەخات، بە شیکردنەوەو رونکردنەوە بلاّوی دەکاتەوە. مەلا حامید بێسارانی (مەلا حامیدی کاتبی شێخ سراج الدین ) کتێبێکی لەدوای خۆی لەسەر شێخ عوسمان‌و کوڕەکانی نوسیوە، لەبن ناوی(ریاض المشتاقین ) بۆ بەجیَ هێشتوین. ئەم نووسەرە زانیارییەکی زۆری لەسەر گەورە پیاوانی سەردەمی خۆی بە شیعر نووسیوە، لەسەر کۆچی دوایی شاعیریش لاوانەوەیەکی نوسیوە . دیارە بلاّوکردنەوەی ئەم کتێبەش بەشدارییەکی گەورە لەباشتر ناسینی شاعیرو دەوروبەرەکەی دەکات‌و هیوادارم ئەم ئەرکەش ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی ئەم

گەلە بیگرێتە ئەستۆ. گوێ بۆ ئەم شیعرە رادێرە، هەر دەڵێی مێژوونووسەو دەیەوێ رووداوەکانی مێژوو بیر نەچنەوە :

به سال (فور) پس از الف روز یکشنبه

که بود سلخ محرم قریب ماه صفر

ببان واقعه میرزا پلنگ اورامی

که هەست کاتب دیوان و قاچی وعسکر

( فور ) بە حیسابی ئەبجەدو دوای هەزار دەکاتە ١٢٨٦. ئیدی رۆژی (٨) یەکشەممەشی نوسیوە. بۆمێژوونووسانمان سوود لەم کتێبە وەرنەگرن ؟

## گرنگی مەولەوی بۆ شیعری نوێ

شارەزایان و مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی، هەرهەموو لەسەر ئەوە ڕێکن، کە "نالی"و رەمزەکانی تری قوتابخانەی شیعری بابان، دانەری بنچینەی ڕێبازی ئەدەبی کوردی ئەمرۆن. تا سەردەمی " نالی " (١٧٩٧-١٨٧٣ز) نوسینی شیعر بەسۆرانی "کرمانجی خواروو" باو نەبووە. ئەو لەبەکارهێنانی دیالێکتی کرمانجی خواروودا رچەشکێنەو ڕێپیشاندەرو داهێنەر بوە . پاش دەستەی یەکەم، هەر لەگەرمیانەوە تا سابلاخ ، شوێن پێی ئەوانیان هەڵگرتوە .

گۆران و شێخ نوری شێخ سالح، کە ڕێبەرانی بزاڤی نوێکردنەوەن، لەسەرەتادا تەنیا لاسایی کەرەوەو دووبارەکردنەوەی ئەزمونی قوتابخانەی بابان بوون. دیارە لەبن کارتێکردنی شیعری تورکی و ئینگلیزیدا، رویان کردۆتە نوێکردنەوە. ئەمانە هەمووی راستی گشتی و زانراون و زۆر کەس لەسەر ئەم بابەتەی نوسیوەو شتێکی نوێی تێدا نییە.

برای هێژام کاك ئەنوەر قادر محەمەد لەنامەی دکتۆراکەیدا، بەکورتی ئاماژەی بۆ دەوری پیرەمێرد کردوە لەوەرگێڕانی دیوانەکەی مەولەوی و پێناسە کردنی شاعیر بۆ خوێنەوارانی سەردەمی خۆی. من پێم وایە ئەو دەسکاریە کەمەی گۆرانی بۆ سۆرانی،

دەوری خۆی بینیوە، کە ئەدەبی کوردی دیمنزیۆنێکی تر Demension بەخۆیەوە بگرێت .

هەرهەموو نوێنەرەکانی رێبازی نوێ، پێویستیان بەو سامانە ئەدەبییە مەزنە بوە، کەسەدان ساڵ ئەزمونی هەبوو. مەولەوی نەك هەر دوا لوتکەی شیعری گۆرانییە، بەڵکو پردێکیشە لەنێوان گۆرانی ـ کرمانجی خواروو واتە: قۆناغی گواستنەوەیە، نەك دوا قۆناغو کۆتاییە ـ وەکو لەمەودوا باشتر رون دەکرێتەوە ـ پیرەمێردو گۆران کارەکەی مەولەویان تەواوکردوەو شیعری نوێی کوردیان بەوشەی شیعری خۆماڵی رەسەن دەوڵەمەند کردوە.

وێنەو دیمەنی هونەری بەرزی وەسفی سروشت، دەرگای بۆ رێبازو ئەندێشەی رۆمانسی خستۆتە سەر پشت . پیرەمێرد هەندێ جار دەوری وەرگێڕی ئەدەبی بینیوەو هەندێ جار خەرقەی سۆفیانەی مەولەوی لەبەر کردوەو بەزمانی ئەوەوە شیعری نوسیوە. "گۆران" لەناو کولتورو فەرهەنگی گۆراندا پەروەردە بوەو قاڵ بوە. سەرشاتەو پریس‌و تەوێڵەو بیارەو تەپی سەفاو بەشارەت‌و چیای هەورامان‌و دەشتی شارەزورو رووباری زەڵم‌و سیروان .... بەشێك بوون لەجیهانی متیۆلۆگی مەولەوی‌و رەنگە تا رادەیەکیش بەشێك بووبن لەجیهانی متیۆلۆگی گۆران. بەڵام گۆران هەروەکو کاك ئەنوەریش ئەو تێبینییەی کردوەو بەڵگەشی بۆ هێناوەتەوە، بەشێوەیەکی داهێنەرانە مامەڵەی لەگەڵ سامانی شیعری مەولەوی کردوە [٩] بەبێ ئەوەی وەرگرتنی میکانیکی پێوە دیار بێت. ئەو نووسینە کورتەی لەسەر" شیعری موناسەبات " رادەی کارتێکردن‌و تێگەیشتنی ئەزموونی ئەو بە زەق‌و زۆپی پیشاندەدات .

کەواتە: ئەو بۆچونە باوە، دەبێ ڕاستبکرێتەوە، گوایە داهاتنی، شیعر نوسین، بەشێوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی)، ئیدی کۆتایی پێهاتنی زمانی ئەدەبی بووە، کە بەشێوەی گۆرانی پێی نوسراوە. پرۆسەکە جۆرێك بووە، لەیەکتر تەواوکردن‌و بەیەکگەیشتن‌و پێی دەوڵەمەندبوون‌و هێزو وزە وەرگرتن لەقوتابخانەیەکی تر بۆ

گەشەکردن‌و بەرەو پێشەوە چون، ئەمەش دیاردەیەکی زۆر ئاساییە. رەنگە گەرئەو پشت پێبەستن‌و بەیەکگەیشتنە نەبا، بەرەو پێشەوە چونەکە، قاڵبێکی تری وەرگرتبا .

## زمانی ئەدە بی یەکگرتوو

مەولەوی بەوە ناسراوە، کەلوتکەو دوا شاعیری شێوەی گۆرانی بێت‌و نالیش بەوە ناسراوە، کەداهێنەرو دەستپێشخەری شیعر دانان بێت بەکرمانجی خواروو . ئەم بۆچونە شایانی وەستان‌و بیرکردنەوەو رامانە . راستە ئەو بەشی زۆری دیوانەکەی بەگۆرانی نوسیووە، بەڵام "عقیدەی مرضیة "[١٠] بە زمانی ناوچەی سەرشاتە یان تاوەگۆزی نوسراوە، کەشێوەیەکی سۆرانییە. هەندێ پارچە شیعری نێو دیوانەکەشی هەر بەم دیالێکتە نوسراون:

**تۆپڵاخەی دوکەڵ هیجران دڵبەر**

**جەم بوگە وەک هەور نەروی سەقف سەر**

**حاشا خۆ رەنگم هیچ نەماگە پێ**

**سەرم وەکو تاس دەنگی لێوەتێ** ١٣٤

پرۆژەی (نالی) شێوازێکی تری هەبوو. ئەو نەیویستوە زمانی" خاك وخۆڵ " یان بن دیالیکتی شارەزوری بکاتە بنچینەی[١١] زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، بەڵکو زمانی شاری سلێمانی‌و سۆرانی بەگشتی هەڵبژاردوە . ئەم سەرەتای قوتابخانەیەك بووەو بۆ سەرکەوتنی کارەکەی، پشتی بەخۆی‌و دەوروبەرەکەی بەستوە. مەولەوی بەردەوام بوون‌و لوتکەی قوتابخانەیەکی گەورەو خاوەن مێژووی دوورو درێژو ترادیسیۆنی مەزن بووە. ئەم دوو رێگەی گرتۆتەبەر: ئاسانکردنەوەو نزیککردنەوەی گۆرانی - سۆرانی‌و هەڵبژاردنی بن دیالێکتی تاوەگۆزی بۆ شیعرنووسین لەسەر هەمان رەوتی قوتابخانەی گۆران .

هیچ بەڵگەو دەنگ‌و باسێك لەسەر ئەوە نییە بۆ ساڵی ١٢٨٨ ك ( عەقیدەی مرضی‌یە) بەشێوەی تاوەگۆزی نوسیوە؟

ئەم نووسراوە پێشکەشی شێخ ئەورەحمانی شێخ عوسمان ( ئەبولوەفا ) کراوە، نەك قوتابخانەیەکی ئاینی ناوچەکە یان میری ئەو ناوچەیە! (١٢) واتە: نوسینەکەی مەبەستێکی پەروەردەیی نییە وەکو " ئەحمەدی " ی شێخ مارفی نۆدێ و "نەوبەهاری بچوکان"ی ئەحمەدی خانی! گەر بەعەرەبی و فارسی و گۆرانیش بوایە، شێخ ئەورەحمان و شێخ عوسمان دژی نەدەبون، بەلام ئەو" فضیلة" ی بەعەرەبی نووسیوەو "فوایح" بەفارسی دارشتوە، کەسیش گلەیی نەکردووە. بلێی مەولەوی، کە پیاوێکی شارەزاو ئاگا بووە، نەیزانیبێت، پێش ئەو کەس بەشێوەی تاوەگۆزی نەینووسیوەو ئەمە دیالیکتێکی ناوچەییەو رەنگە کێش و قورسایەکی ئەوتۆی نەبوبێت و نەبێت!

بلێی مەولەوی ویستبێتی زمانی تاوەگۆزی بکاتە ناوەندی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو یان رێکەوت پالی پێوە ناوە، ئاور لەبن دیالیکتێکی لاتەریك بداتەوە ؟

من بروام بەرێکەوت نییە، بروام بەوەش نییە شاعیر بەبێ مەبەست ئەم دیالێکتەی هەلبژاردبێت . چۆن پیاوێکی بیرروون و دووربین و شیار هەر لەخۆوە دەست دەداتە قەلەم و بەزاراوەی ناوچەیەکی بەر تەسك دەنوسێت؟

یەکێك لەو هۆیانەی دەدرێتە پال سەرکەوتنی بزاڤی ریفۆرماسیۆنی مارتن لوتەر(١٤٨٣-١٥٤٦) بلاوبونەوەی وەرگێرانی کتێبی پیرۆزە بۆ " زمانی ئەلەمانی "و پەرەسەندنی دەزگای چاپخانەیە. چاپخانە بەخێراییەکی بەرچاو کتێبی پیرۆزی بە"ئەلمانی " بەژمارەیەکی زۆر، بلاوکردەوە. لەهەمان کاتدا نزیکەی هەشت هەزار شاری گەورەو بچووك لەئەلەمانیادا سەریان هەلدابوو. پەرەسەندنی کولتوری شار دەوری خۆی هەیە، لەچەسپاندنی زمانێك یان دیالێکتێك. لوتەر دیالێکتی ناوچەی (زاکسن)ی هەلبژارد. بۆ دروستبوونی شاری سلێمانی، دەوری خۆی هەیە لەدروستبوونی "زمانی ئەدەبی" هەر وەکو چۆن میرانی بەبە دەستیان لەدیالێکت یان بن دیالکێتی خۆیان - پشدەری هەلگرتووە. نالیش دەستی لەدیالکێتی "خاك وخۆل" "شارەزووری "

"مکایلی " جافی " هەلگرتوە[١٣]. بابانەکان لە دارەشمانەوە هاتوون، هیچ بەلگەیەک بەدەستەوە نییە چۆن و کەی و لەبەرچی دەستبەرداری زاراوەی ئەسلی خۆیان بوون ؟

حاکمەکان خۆیان لەگەل دەوروبەری نوێدا گونجاندوە. "نالی " و [١٤] هاورێکانی یەکەمین جار لەشاردا پەروەردەبوون و فێری کولتورو زمانی ئاخاوتنی حاکم و رەعیەت بوون. ئێستاش هەروایە. کابرایەکی گەرمیانی یان شارەزوری هات بۆ ناو شاری سلێمانی ناتوانێ زمانی خۆی بسەپێنێ و تەنیا دەتوانێ زمانی شار وەرگرێت بۆ مەبەستی تێگەیشتن و تێگەیاندن. ئەگینا ئەو کەسە بەهۆی زمانییەوە دەبێتە بنێشتە خۆشە. زمان و کولتوری بەهێزتر خۆی دەسەپێنێ و زمان و کولتوری لاواز دەتوێتەوە..

**ئاغە زەنوون لێ بدا سینەکەمان حارس گرفت**
**لکە تەنبوورو دەف و نەسعەد بدا دەستێ بەساز**
**مستۆ ئیبراهیمێ ناورەحمان نەواو فەتحێ حەزین**
**مستەفاێ نارێ و سێگا یونس بلێ شارێ حیجاز**
**بارەسول هەلدانە ڕاست صالح بلێ نیوە شەوێ.**
**محێ الدین چوار گا و قەرە دەنگێ بلند کا بۆ قەزاز[١٥].**

ئەم تابلۆیەی" کوردی " پێشکەشی دەکات، دیمەنی گەشەکردنی کولتوری گۆرانی و مۆسیقای شارە . ئەم دیمەنە لەناو کۆچەرو لادێدا زۆر کەم و دەگمەنە .. ژیانی شار بۆ شایی و خۆشی و ناخۆشی و خەم رەواندنەوە، پێویستی بە ستران و سترانبێژان هەیە . ئەمەی "کوردی" بۆمان دەگێرێتەوە، بریتی نییە تەنیا لەکۆڕی بچوک و کاری تاکە کەس:

لێدانی ئەو ئامێرانە پێویستیان بەشارەزایی و فێربوون و راهێنان هەیەو داواکارییەکی کۆمەلایەتیش زەمینەی بۆ دەرەخسێنێ. ئەمرۆ چۆن تیپی مۆسیقا هەیە، دیارە ئەو زەمانەش تیپ و گروپی مۆسیقی هەبووە.

هەر ئەم کەش و هەوایە پێداویستی نووسینی شیعری کرمانجی خوارو(سۆرانی) فەراهەم کردووە. مەولەوییەك، کەئەحمەد پاشاو عەبدوڵڵا پاشای بابانی لەنزیکەوە ناسیبێت، هەر دەبێ ئاگاداری ئەزموونی بەکارهێنانی شیعری کرمانجی خوارووی بوبێت. دوورنییە بەکارهێنانی زاراوەی "تاوەگۆزی"، هەوڵدانێك نەبووبێت بۆ پشتگیری و دەوڵەمەندکردنی ئەزمۆنیکی نوێی بەکارهێنانی کرمانجی خواروو!

**فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتوە**

**"نالی " ئەمرۆ حاکمی سێ موڵکە ، دیوانی هەیە**

دوورنییە مەولەویش وەکو "نالی " خۆی بەحاکمی سێ موڵك دانەنابێت، چونکە دیوان و نوسینی بەو سێ زمانە دوو دیالێکتی کوردی هەیە ...

## چارەنوسی بەرهەمەکان

راستیەك دەربارەی مەولەوی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەبەشێك لەشیعرو نامەکانی پارێزراون و بلاوکراونەتەوەو هەندێ بەڵگەنامەی پەیوەندیداریش بلاوکراونەتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا نیشانەیەکی باشە، لەچاو ئەو شاعیرو نوسەرو زانایانەی ناویان هەیەو زۆربەی بەرهەمەکانیان فەوتاون یان هەرهیچیان لەدوا بەجێ نەماوە، یان بەدەستی ئێمە نەگەیشتون. ئەمیش بەختی ئەوەندە یار نەبوە، سەرجەمی شیعرو پەخشانەکانی بەئێمە بگات.. بەلام بەرهەمەکانی چەندی فەوتاون و چەندی بەئێمە گەیشتوون؟

رەحمەتی فاتیحی مودەریس نوسیویێ :

لە ماوەی(١٢٨٠ـ ١٢٨٦) ئەم سێ کتێبە نایابەی داناوە. بە هەرسێکیانەوە (٤٩٩٨) بەیتن [١٧]. ئەمانە بەرهەمی (٦) ساڵ بوون، ئەگەر بڵێین هەمووی ساڵەکان خەریکی دانان و پاکنووسکردنەوە بوبێ، کە ئەمەش لەسواری قەریحەو دەسەلاتی بالادەستی مەولەوییەوە دورە، من دڵنیام کە ئەم سێ کتێبە وەختێکی کەمیان بردوە.

ئەو بڕوای بەوە نییە شاعیر لەماوەی نزیکەی ٦٥ساڵدا هەر ئەوەندە بەرهەمی هەبووبێ، کە لەدیوانەکەیدا بڵاوکراوەتەوە !

سەرجەمی فەردو دووبەیتو غەزەلەکان(٢٤٣٦) بەیتن واتە لەماوەی شەش ساڵدا دووئەوەندەی بەرهەمی نێو دیوانە بڵاوکراوەکەی نوسیوە. ئەم بەراوردە "تێزە" یەك دروستدەکات، کە دەبێ بەشی هەرەزۆری شیعرەکان بەئێمە نەگەیشتبن. ئەوەی ماوەتەوە دەستی ڕێکەوت لەدەریای پڕ شەپۆلی ڕوداوو نەزانیو دواکەوتنو کەم تەرخەمی دەربازی کردون.

بڕیان تای ڕوباب قافیە خوانیم
نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم
دەمەی هەناسەی گەرم تارەکەم
نەکورەی دەرون پڕجەخارەکەم
ئابردان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم
سۆچنان کتاو مەجموعەی فەردم[١٨] ل١٩٤

ئەم شیعرە بۆنی کارەساتی لێوەدێت : پسانی ژێی شیعر خوێندنەوەو ئارەزووی تێگەیشتنی ڕستەو نوسینی نەماوە، ئەمە نیشانەی شۆکە. کارتێکردنی سەختی ڕوداوێك، نەك بارێکی دەروونی کاتیی کورتخایەن. کارەساتێك کە شاعیر توشی کەوتنو سەرەنگرێبوونو لەتاسەوە چوون بکات. هەر بۆیە لەدوا بەیتدا ئاماژەکردنەکە ڕونە: ژوری ناو دڵی پڕ دەردی گڕی تێ بەربوەو کتێبو کۆمەڵە شیعری سوتاوە ! دیار نییە ڕوداوەکە ڕاستە یان مەجازییە، بەڵام سەرجەم پارچە شیعرەکەی پرسەو ڕەشپۆشیو شیوەنە بۆ لەدەستچونی شتێکی زۆر گرانو خۆشەویست .

گریمان ئاماژەکردنەکە مەجازییە نەك ڕاستیو ئەو دەنگوباسی کتێبخانە سوتانە ڕاست نییە یان لەڕاستیدا شتی ئەوتۆ ڕوی نەداوە! پرسیارێك بێ وەڵام دەمێنێتەوە، بۆ ژمارەی شیعرە نەفەوتاوەکانی ئەوەندە کەمن ؟

مرۆڤ دەتوانێ دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش تێبینی بکات :

زۆربەی زۆری غەزەلەکانی نێو دیوانەکەی هی سەردەمی پیرین، نەك هەرەتی لاوی و گەنجێتی و کامڵ بوون.

دەچێتە ئەقڵەوە مەولەوی گەنج هیچی نەنوسیبێت ؟

چۆن دەزانین شیعرەکان لەسەردەمی پیری دا نوسراون ؟

بەشێکیان راستەو رەوان بەبۆنەی پیربوون و بەساڵەوەچون نوسراون :

**پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن**

**تەعظیم جەناب پیری لازمەن ل١٠٥**

ئەم شیعرەو شیعری تریش راستیەك دەردەبڕن، کە شاعیر لەو تەمەنەدا پشتی کۆم بوەو زۆر لاواز بوەو هەر وەکو کەوانی لێهاتووە. ئەمەش نیشانەی زیندووبوونەوەیە لای ئەو :

**تەن خەمیاوە، یانێ دەستوورەن**

**وادەی هۆریز نای گیان ئەو حوزوورەن ل١٢٨**

- بەشێکی تری شیعرەکانی باسی موو سپیبون دەکات :

**نامام سەر نی بام وە بارەگاوە**

**غەربو ، موسیفدو وە رووی سیاوە ل٢٩٠**

- ئەو شیعرانەی باسی کوێربوون دەکەن یان لەسەردەمی کوێریدا نوسراون.

- هەندێ پارچە شیعر، مێژووی، دانراوە، یان ساڵی ڕوداوێك، یان مەرگی کەسێکی بەحیسابی ئەبجەدی دانـاوە، وەکو مەرگی ئەوڕەحمانی کوڕی مەحمودی یارویس :" "گۆشەی مەیخانە وە زاویە کەرد" دەکاتە ١٢٩٦ ئەمەش دیارە هی چوار ساڵ پێش مردنیەتی ...

- مەولەوی شیعرو نامەی بۆ کەسانێك نوسیوە، کە هیچ رێی تێناچێ لەسەردەمی گەنجیدا بووبێ: مەحمود پاشای جاف ( ١٨٤٦-١٩٢١) رەنگە لەتەمەنی سی سالێدا بوبێت واتە: (١٨٧٦ز) کاتێك دەسەلاتی پەیدا کردوەو دەوری گێڕاوە. ئەو شیعرو نامانەی بۆ شێخ بەهاءالدین شێخ عەلی حسام الدین هەر هەموو هی سەردەمی پیرین .

ئەو نامەو شیعرانەی رەوانەی کەسانی دەسەلاتدار کراوە، وەکو نامەکەی بۆ فەرهاد میرزا معتمد الدولە[١٩] کەپاش مردنی ئەمان الله خانی دووەم بۆ ماوەی حەوت سال حوکمی کردوە (١٢٨٤-١٢٩٨) فەرمانڕەوای ئەردەلان بووە. حسام السلطنەی برایشی[٢٠] (١٢٩٣-١٢٩٨) حوکمڕانی کرماشانو کوردستان بووە. ئەم قسەیە یوسفی مودەڕیسو موحەمەد سالحی فەخر ئەلعولماو شەرەف الملك[٢١]و سەید عەبدوللای کوڕیشی دەگرێتەوە ..

- رەنگە کەسێك زۆر بەوردی دیوانەکەی بخوێنێتەوە ، پاش ماوەیەك بتوانێ شیعری لاوی‌و پیری‌و بەهاری تەمەن‌و پایزی تەمەن، بەئاسانی لێکجیابکاتەوە .. ئەوە ئەگەر بەکۆمپیوتەریش پرۆگرام بۆ ناسینەوەی شیعرەکان دانرێ، ئەوە جەژنێك‌و دوو نەورۆزە.

ئەگەر شیعرو نامەکان تەنها هی پایزی تەمەن‌و پیری بن، ئەدی شیعرە بەهاریەکان چییان لێبەسەر هاتووە ؟

من هەر گومانم بۆ ئەوە دەچێ، بەهۆی ئاگر تێبەربونەوە، بەشێکی زۆری شاکارەکانی بووبنە خۆڵەمێش، ئەگینا هیچ تەفسیرێکی عەقلانیم بۆ بزربونی بەشێکی شیعرەکانی نییە ..

## باری دارایی

لەوە دەچێ دوا ساڵانی ژیانی. تەنگانەو ناخۆشی بوبێت. نامە پڕ گلەیی‌و ڕەخنەکەی لەسەید عەبدوڵڵای کوڕی، پشتگیری ئەم بۆچونە دەکەن.

" ساعت اول تحمل نکنید، قیمت پەنجاه تغار گندم باید حاضر باشد، اینجا بیاربد، وهمان صد تغار قرض باید تمسك بدهید والاغ وآدمت زود بیایند. تمامی صدو پنجا تغار گندم را بدست بگیرید وببرید ... زود زود هوا سرد ودیراست "(٢٢)

ئەم ڕستانە نیشانەی نا ئارامی‌و گوشارو تەنگ پێهەڵچنین، نەك ئاسودەیی‌و دڵنیایی‌و تێری. نامەکە رونەو کۆمینتاری زۆری ناوێ. بۆ دابینکردنی نانی زستان‌و بەهار، پێویست بووە سەدوپەنجا تەغار گەنم (٢٣) پەیدا بکرێت . پارەی پەنجا تەغار بەدەستەوە بووەو پارەی سەد تەغار بە قەرز داپۆشراوە (٢٤) واتە: دوولەسەر سێ قەرز بووە. من نازانم تەغارێك ٦٤ تەنەکەو نیوە یان وەکو موکریان چوار تەنەکە بووە. گەر ئەوە بزانرایە دابەشی ١٨٠ رۆژ بکرایە، ئەو کاتە دەردەکەوت، رۆژی چەنێ ئارد کراوەتە نان! گەر زانرا چەندیان کردووە، دەریش دەکەوت مەولەوی ئەرکی چەند کەسی بەسەرەوە بوە ! من لەم دورە ولاتیەوە وەلامی پرسیارەکەم بەئاسانی بۆ نادرێتەوە، یەکێك لە سلێمانی بێت یان هەڵەبجە، دەتوانێ پێنجشەممەو هەینی سەرێکی سەرشاتە بدات‌و بزانێ هەرخێزانێك لەرۆژێکدا چەند نانی پێویست دەبێ. ئەوسەدو پەنجا تەغارە بەشی چەند کەس دەکات ؟

مەولەوی نامەیەکی بۆ عەلی ئەکبەرخانی شەرەفولملکی نوسیوە، کەحاکمی ولاتی جوانرۆو بێلەوار و مایدەشت بووە. من نامەکە لەسۆنگەی نەزانینی چەند راستیەکی شاراوەدا، بەچاکی لێی تێنەگەیشتم :

" این فقیر در همگی مـاملك سرکار شـریکم ، بلکـه همگـی را از خـودم میـدانم . جناب مخدوم ملا عبدالفتاح را وکیل خودم کرده‌ام که حاصل بخش وملك من تـسلیم او شود ، "... [٢٥]

ترسام! وەرگێڕان، تێگەیشتن ئالۆزبکات‌و مەبەست بەدەستەوە نەدات . لەڕستەی دووەمدا ئـەو خاڵـە رونـە، کـە شـاعیر مـەلا عـبـدالفتاحی کردۆتـە نوێنـەری خـۆی، بـۆ وەرگرتنی داهاتی گوندی (آرندان) نازانم بەکوردی چۆن دەنوسرێ ئارندان یان ئارەندان یان چۆن ؟

هەروەها کاتی نوسینی نامەکە نازانرێ !

ئەم نمونانەم بۆیە هێنایەوە، کـەدەتوانرێ ژیـانی دارایـی‌و شـێوەی کـارو کەسـابەتی شاعیر بدۆزرێتـەوەو رەنگدانـەوەی بـاری ئـابوری‌و دارایـی لەسـەر بیرکردنـەوەو بۆچـون‌و داهێنانی ئەدەبی رەچاوبکرێت. کاتی خۆی نوسـەری هێـژا، رەئـوف عوسمـان پێـنج[٢٦] دەقی میری میران عەبدوڵڵا پاشای بابانی بڵاو کردەوە ، کە ساڵی ١٢٦١ ك نوسراون .

ئەم بەڵگەنامانە چەند راستیەك دەخەنە روو :

مـەولەوی‌و خزمـەکانی کە ژمارەیان ١٣ خێزان بوە، لەو شوێنەی تیـا ژیـاون توشـی تەنگ پێهەڵچنین هـاتوون. دیـارە گوشـارەکە زۆر قـورس بـووە، کەسـیش لـەو ناوچـەیە نەیویستوە کێشەکە چارەسەربکات، چونکە سیـستێمی کۆمەڵایـەتی - ئـابوری لەسـەر بنەمای چەوسانەوەو خوێنمژین دانراوە، لەپێناوی پلەو پایەی کەسێك ئیدی فەرهـەنگی بێت یان ئایینی، شێوەی چەوسانەوەکە بگۆڕن . دوور نییە شاعیر یەکەمین جـار هـاواری خۆی‌و خزمەکانی نەگەیاندبێتە خاوەن دەسەڵاتی ناوچەیی، کە ئەو کاتـە محەمـەد پاشـای جاف بووە . ئەو نەیتوانیوە یان نەیویستوە، بەلای زاناو شاعیری پایە بـەرزدا بـشکێنێ و دڵی کوڵە کوێخایەکی بەلاوە گرنگ تر بووە. بۆیـە ئـەمجارەیان دەنگـی خـۆی گەیاندۆتـە پاشای بابان‌و ئەو نوسراوانەی پێنوسیووە.

پاشای بابان فراوانتر سەیری پلەو پایەی شاعیرو رەنگە دەورو کاریگەرێتی دەسەڵاتی پیری نەقشبەندی هەورامانی رەچاوکردبێت. بۆیە نامەی ئاراستەی پاشای جاف کردوەو هەوڵی داوە چارەسەرێك بدۆزێتەوەو گرێ کوێرەیەك نەکرێتە کێشەو سەر ئێشەی گەورە.

میری بابان دێی " بیاوێڵە" ی لەسەر مەولەوی( وەقف)کردوە، بۆئەوەی داهاتی ئەو گوندە لەسەر ئەو سەرف بکرێ. کێشەی ئێمە ئەوەیە نازانین داهاتی ئەو گوندە ئەو زەمانە چەند بووەو بۆ ماوەی چەند ساڵ لەسەری وەقف کراوە ؟ پاشای بابان تاساڵی ١٢٦٥ فەرمانڕەوایی کردوەو پاش ئەوە، ناچاری دەست لەکارکێشانەوە کراوە، دوورخراوەتەوە. هەر بەکۆتایی دەسەڵاتی عەبدوڵڵا پاشا، وەقفەکەش کۆتایی پێ هاتووە ؟

بە گوێرەی نامەیەکی تریان میری بابان داوا لەدەسەڵاتدارانی ناوچەکە دەکات، رێگە بدرێ ئەو جۆگە (نوسراوە روبار، کە لەسیروانەوە ئاوی خراوەتە سەر) دەست نەخرێتە رێگەی و کێشەی بۆ نەنرێتەوە .

نامەیەکی تر داوای چاوپۆشی لەنەدانی باج و سەرانەو بێگاری بۆ دەوروبەرەکەی مەولەوی کردووە .. هەر بۆ ئەوەی شاعیر بتوانێ بەئاسودەیی خۆی تەرخان کات بۆکاروباری زانستی .

بەڵگەنامەکان لەروی سۆسیۆلۆگی و ئابوریەوە زۆر گرنگن. جارێ مەسەلەی وەقف کردنی گوندێك لەسەر مەولەوی، ئەو راستیە دەخاتە بەر چاو، کەمیری میران خەمی دابینکردنی سەرچاوەی ژیانی بۆ خواردووە. گوندی " بیاوێڵە " چوار پێنج کم لەشاری هەڵەبجەوە دوورە. ئەمە خۆی لەخۆیدا لاکردنەوەیەکی چاکە لەلایەن فەرمانڕەوایی سیاسییەوە، زانایەك، شاعیرێك باری ئابوری چاکبکرێتەوە. چاو پۆشین، یان لێبوردن لە دانی باج و سەرانەو بێگاری پێکردنی ئەو خێزانانەی سەر بەشاعیرن .. ئەمەش بۆ ئەو زەمانە رەنگە دەستکەوتێکی گەورە بوبێت ...

دیارە ئەم خاڵانەی میری بابان خستویەتە سەر کاغەز، مایەی ناکۆکی نێوان شاعیرو بەگزادەکانی جاف بووە. ئەم کێشەیەش رەنگە زۆری کێشابێت واتە: هەر لەدەوروبەری

ساڵی ١٢٦١ ك تا دوارۆژی ژیانی شاعیر. چونکە نامەکان بۆ مەحمود پاشای جافو حاجی مەحمودی یارەیس پڕن لەگلەییو گازندەو نارەزایی .

لەوەش دەچێ ئەو" دەسکەوت"انەی میر لەنامەکاندا دیاریکردون، هەر بەلەناوچونی دەسەڵاتی ئەو، بڕیارەکانیش هەڵوەشابێتەوە. ئەگەر میری جاف ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی دابێ .. هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە شاعیر لەوێ ژیابێت، یان ژیانی دارایی ئەوەندە چاك بووبێت، کە پێویست نەکات گەنم قەرزبکاتو لەگەڵ عەبدوڵڵای کوری بکەوێتە کێشەوە.

## چینو ڕوانگەو جیهانبینی

مەولەوی وەکو سۆفیو زانایەکی ئایینی سەیری ژیانی کردوە. شیعر ئامانج نییە، ئامرازێکە بۆخزمەتکردنی بیرو باوەڕی ئایینی. سۆفیگەری سەرتاپای شیعرەکانی داپۆشیوەو تەنیا یان لەپلەی یەکەمدا شیعری بۆ ئەم مەبەستە نوسیوە . مەلا حامیدی بێسارانی بەم شێوەیە لاواندویەتیوە:

مجمع علم وعبادت مخزن صدق و صفا

مظهر عقل و درایت میر ملک معنوی (٢٧)

ئەم جیهانبینییە گیانو هەستو هۆشی چینایەتی نەشاردۆتەوەو لەهەموو شیعرەکانیا ناڵەی هەژاریو چریکەی دەستکورتی رونو ئاشکرایە . دیارە بەراوردکاریو دانانی دوو پارچە شیعری دوو شاعیر بەتەنیشت یەکەوە، هەستو جیهانبینی هەردوکیان دەنوێنێ . بۆ ئەم مەبەستە شیعرێکی غولام شاخان دەهێنمەوە، کە هاوچەرخی مەولەوی بوەو نامە گۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبوەو والی میرنیشینی ئەردەڵان بووە:

میرزام زام حەی . میرزام زام حەی..

دانایان دەور، دانش کەردە تەی..

هۆرێزام دەردەم شاران کردم تەی
ناگا دیم دوبەی نەسەر شاخەی نەی
بەی چ بەی؟ ئەمەر نەونەمام نەی
خولاَسە و خۆش بۆ،خۆش مەزە چون مەی
حەی و بەی و نەی جەرگم کەردەن پەی
زیندەگیم پەی چێ؟ وەی وە یانەم وەی ! (٢٨)

ئەم شیعرە، کەبۆنی گولاَو وعەترو مەی و بەی لێوە دێ، مەگەر لەکەش و هەوای کۆشکی میرو باخچەو دەربارو جێی ژوانی دەسەلاَتداراندا بەر چاوبکەوێ. ئەم بەیتە بەتەنیشت بەیتێکی نالیەوە دانێ :

فەرشی پەلاَسە دۆشەکی خاکە ، سەرینی بەرد
بێ نوک و، روت وقوت ، فەقیر و قەلەندەرە

بەیتەکانی غولاَم شاخان ئاوێنەی دەربارە . بۆیە تابلۆ هونەریەکەی پڕە لەوشە ئارایی و باڵە فڕەی پەپولەو وێنەو دەنگی مۆسیقاو خاوەنەکەی زۆر بەتوانا بووە لەدەربڕین و داڕشتن و بەخشینی هارمۆنی لەنێوان وێنەو ئاوازی وشەدا.
شیعرەکەی نالی کۆنتراستە Kontrast واتە: پێچەوانەو دژو ناکۆکە لەروی پەیوەندی کۆمەلاَیەتیەوە.
من ئێستا پاش نزیکەی سەد وچل ساڵ لەنوسینی ئەم شیعرە کسپە لەجەرگمەوە بۆ" نالی" هەڵدەستێ. مرۆڤێکی هەست ناسك، ئاوارەی بیابان دەبێ . بێ کەس و کارو ماڵ و خێزان بەنەداری و برسێتی سەری خۆی بۆ ناو دەریای لم هەڵدەگرێ . ئیدی ئەو شیعرانە دیمەنی سامناکی بیابان دەردەبڕن ..
هەندێك لەشیعرەکانی مەولەویش بەڵگەی دەستکورتی و هەژاری و بەلەنگازین.
بەشێك لەنامەکانیشی پاڵپشتی ئەم بۆچونەی سەرەوەن.

پیری و فەقیری و کەثیفی، هەر سێ

نەبۆوە هیجران بار هیچ کەسێ

ئەم هاوارە لەشیعری تردا هاوارە دژی رۆژگار :

فەلەک بێ فرسەت .. فەلەک بێ فرسەت

ئەی چەرخ و چەپ گەرد، بێ سەبرو فرسەت

غدارو بەدکار، بێ وادەو بەینەت

پڕ جەور و ستەم بێ میهر و مۆبەت ل ٢٣٦

من ئەم شیعرە ناکەمە نیشانەی هەستکردن بە(جەورو ستەم )ی کۆمەڵایەتی و شاعیریش ناکەمە ئاڵا هەڵگری خەباتی چینایەتی، بەڵام شاعیر لەهەندێ قۆناخی ژیاندا توشی هەژاری و سەختی هاتووە. لەکام قۆناخدا زیاتر توشی دەست نەرۆیشتن بووە ؟

نامەکانی روناکی باشتر دەخەنە سەر ژیانی ئابوری. من دەقە فارسیەکان وەکو خۆیان دەنوسمەوە تا خوێنەر تێگەیشتنێکی راستەوخۆی بۆیان هەبێ. هەندێ وردەکاری زمانەوانی، تەپ و دوکەڵی وەرگێڕان نەیان شێوێنێ ..

" فقیر علاوه ، اینکه استطاعه ، مالیه نداشتم ازاستطاعة، بدنیه هم أفتادم "[٢٩]

ئەم رستەیە ئەوە دەگەیەنێ ئەو لەکاتی نوسینی نامەکەدا پیرو پەککەوتە بوە، چونکە دواتر دەنوسێ " وعمر عبثش به اخر رسیدو ریشش سفید شود "[٣٠] واتە: تەمەنی گەیشتە کۆتایی و ریشیشی سپی بووە. ئەم نامەیە ئاراستەی مەحمود پاشای جاف کراوەو پەیوەندی نێوان میرو شاعیر دەردەخات. ئەم نامەیە بێزاری و ئازاری شاعیریش بەدەست دەستەیەکەوە دەنوێنێ، کە دژی ئەو بوون و قسەی ناڕاست و نابەجێیان بۆ هەڵبەستوە.

مەولەوی لەنامەکەیدا بۆ حاجی مەحمودی یاروەیس، کەدیارە لەسەردەمی پیریدا نوسیویەتی، رەخنەی توند لەبەگزادە دەگرێ . حاجی مەحمود خەزنەداری مەحمود پاشا بوەو رەخنە گرتن لەبەگزادە بەو شێوەیە، بەڵگەی توندبوونەوەی ناکۆکیە " وخودم ازین دردسری که خودم واولادم از بیگزادها دیدم نارضامند نمیخوانم "[٣١]. مەبەستی ئەوە

بووە، بەتیرێ دوو نیشان بشکێنێ. جارێ دەنوسێ خۆمو کوڕەکانم بەدەست بەگزادەکانەوە توشی دەردە سەری بووینو لەکۆتایی رستەکەشدا دەڵێ: " خۆم بەنارازی دانانێم " گەر نارازی نیەو توشی دەردە سەری نەهاتووە، چ پێویست دەکات وشەکان بخاتە سەر کاغەز؟

مەبەستی بوە بنوسێ منو منالەکانم بەدەستی بەگزادەکانەوە دەچەوسێینەوەو من زۆر لێیان نارازیم !

بەشی کۆتایی رستەکە، هەر بۆ دڵڕاگرتنو نەویستنی تەقینەوەی ناکۆکیەکانە. واتە: بەشی دووەمی رستەکە، هەر بۆ پینەکردنی دەربڕینی نارەزامەندیەکەیە .

لەنامەکەی مەحمود پاشادا، راستیەك هەست پێدەکرێت، کە ئەو یارمەتیەی بۆ شاعیر تەرخان کراوە، پێی نەگەیشتوە " پار سال بدان مال نصیب من نشد، وخودم بەتقصیر خودم معترفم چرا که هرکس به غیر از حق تعالی از یکی دیگر اعانه طلبیت البته حق تعالی اورا تأدیب میکندو مبتلایش خواهد شود "[٣٢] ئەمەش هەر رەخنەیە لەمیری جاف . دەیەوێ پێی بڵێ " پاشا نەدەبا داوای یارمەتیت لێبکەم " ئەم دەست بەرودوە نانە، زۆر کاری تێکردوە. کێشەکەش زۆری خایاندوە " پارسال " واتە پار داوای یارمەتیم لێکردوی، ئەوە ئەمسالێش هیچ، هۆکەشی دیارە دەستەیەك بۆیان تێچاندوەو ئەم بە سەگیان دادەنێ، کە بەبێ هۆ دەوەڕن. واتە : شاعیر دەزانێ کام دەستە ناحەزی ئەونو بونەتە هۆی نان بڕینی ئەم . نامەکەی خۆی بۆ دروستکردنەوەی پردو پەیوەندییە، نەك پەرەپێدانی ناکۆکیو تەقینەوە. شاعیر نە ئامرازی داکۆکیو بەرەنگاری کۆمەلایەتیو یاسایی هەبێ نەدەرووبەکی هەبێ رووی تێبکات.. ئەگەر زوڵمو زۆریشی لێکرا هەوڵی کۆمپرۆمس KOMPROMISS بدات . هەرئەو زەمانە شێخ رەزای تاڵەبانی وتویە:

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا
مێروولە نەچی چاکە بەگژ قوللەی قافا [٣٣]

راستە شاعیر مێرولە نەبووە دەنگی ناڕەزایی بەرز کردۆتەوە، بەڵام ئەوەندەش لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی گەیشتوە، شەڕی دۆڕاو نەکات و خوێ و ماڵ و منالّی لەکارەسات و ئاگر دوور بخاتەوە .

### مەولەوی و هەرەسی بابان

زۆربەی مەولەویناسان لەوە سەریان سوڕماوە، بۆ ئەو شیعری لە سەر "کارەسات"ی هەرەسپێهێنانی میرنشینی بابان (١٨٤٧ ز) هیچی نەنووسیوە ؟

ئەم پرسیارە ئاسانە، چەندین وەڵامی هەیە: شاعیری مەزن گۆران دەنوسیٚ :

" لەگەڵ ئەوەش لەزۆر زمانا جارجارێک بەهرەداری وا هەڵکەتووە لەباتی ئەوەی نرخی بدیعی شعر بەموناسەبات نزم بکاتەوە موناسەباتی ئەوەندە هەڵبڕیوە گەیاندویەتیە ئەو ئاسمانە بەرزو جوانە کە پەڕی شیعر ئەتوانیٚ تیای بژیٚ و ماوە بدۆزێتەوە بۆ پەڕ بازی بە شاپەڕە نەخشینەکانی .

لەزمانی ئێمەدا مەولەوی ـ شاعیری بەناوبانگی شێوە هەورامیانە، یان گشتی تر بڵێین شێوەی گۆران ـ لەو چەشنە بەهرەدارانەیە. ئەم شاعیرە بلیمەتەی کورد کە لەبەر دووری شوێنەزایی باری شێوەی زمانەکەی لەناوچەی هەولێردا کەمتر ناسرابیٚ، بەشی زۆری شێوە هونەریەکانی لەدایکی موناسەبەت زاون، گەلیٚ جار موناسەباتی بیٚ رەنگ و ڕواڵەتیش. زۆر دور نەڕۆین مردنی کوڕی کوێخایەکی عەشیرەتی جاف، وەرگرتنی تەسبیحەیەک بەدیاری لەلایەن ئاشنایەکەوە، وەرگرتنی نامەیەک لەهاوڕێیەکی دور، چنگ کەوتنی شوشەیەکی گوڵاو دان. [٣٤]

گەر بۆنە بەتەنیا هاندەری شیعر نووسین بوایە، دەبا بۆنەی روخانی میرنیشینێک، رەنگی لەشیعرەکانیا بدایەتەوە. پرسیارێکی بەجێیە؟ بەتایبەت شاعیر لەنزیکەوە لەگەڵ ئەحمەد پاشای باباندا ناسیاوی هەبووە. سەبارەت بە هەرەسی میرنیشینی ئەردەڵانیش هیچی نەنووسیوە.

ئەم پرسیارە چەند گومانێك دەهێنێتە پێشەوە :

رەنگە بەرهەمەکانی لەناوچوبن، یان هۆی تر هەبن لەپشت دیواری نەزانراویدا حەشار درابن . بۆ یەکێکی وەکو مستەفا بەگی کوردی شاعیر(١٨٠٩ ـ١٨٥٩) یەك وشەی لەسەرئەو هەموو کاردساتە نەنوسیوەو لەسەر بابەتی تر، ئەو هەموو زوخاوەی هەڵڕشتوە ؟

دەبا ئەم، کە یەکێك بووە لەبنەماڵەی صاحیبقران شان بەشانی سالمی ئامۆزای روبەڕوی داگیرکەران، شیعری بەرەنگاری بنوسیایە !

هەڵەکە پەیوەندی بە"کوردی " یەوە نییەو پەیوەندی بەبیر کردنەوەی ئێمەوە هەیە. ئێمە بە پێوەرو پێوانەی ناتەواو و ناکۆك، شتەکان دەپێوین!

سالم بۆ لەشیعری دڵداریەوە بایداوەتەوە بۆ شیعری بەرەنگاریو " **ملحمة**" ی خەباتی لایەنگرانی حوکمی بابانی تۆمار کردوە؟

بابان (نیشتمان)ی سالم بووە، بنەماڵەکەی چارەنوسی خۆی لەگەڵ چارەنوسی بنەماڵەی حوکمڕانی بابان گرێدابوو. سالم ئەگەر شاعیری دەرباریش نەبوبێت، لەناوەندی دەسەڵاتدا بوەو رەنگە ئەندامی شاندی میر بووبێت بۆ تاران! داگیرکردنی میرنشین، تێکشکاندنی بەرژەوەندی ئەو بووە .. شیعرەکانی سالم پێویستیان بەسەر لەنوێ بڵاوکردنەوە هەیە، بەشێوەکی زانستی، چونکە شێوەی ئێستای دیوانە بڵاوکراوەکەی شایانی بایەخپێدانو خوێندنەوەی نوێیە.

"نالی " بلیمەتیش لە ئەحمەد پاشاوە نزیك بووەو هەستی سیاسی بەرز بووە، ئەمیش "چالاکی سیاسی"بەر چاوی هەبووە. هەروەکو چۆن ئێستا دەزگای"راگەیاندن " هەیە، "نالی " دەوری راگەیاندنی هەبووەو هێڵی سیاسی خۆی هەبووە .. سەرەتای دورکەوتنەوەی بۆهەندەران زۆر کاری نەکردۆتە سەرکۆنسیپتی Konsept سیاسی شاعیر.

میرنیشین بۆ ئەم دوو کەڵە شاعیرە"نیشتمان " بووە، واتە: ژینگەو دەوروبەر، ژیانی بن سێبەری دامەزراوەکانی میرنشین ژینگەی سەرەکی بووە. بۆ مەولەوی گۆشەی خانەقا، بۆ کوردی نیگای .. هتد . شێوانو روخانی دەسەڵاتی سیاسی، بەیەك شێوە کارناکاتە سەرهەموو ئەندامانی رەسمی سنوری دەسەڵاتی سیاسی. بۆ دوو شاعیری یەکەم نالیو سالم شێوانو تێکچونی نیشتمانو ژینگە (بیئة) و سەردەو ژێربوونی کۆنسیپتی ژیانیان بووە. بۆیە بۆ ئەوان وێنەکانی ژیان دوو وێنەن بەتەنیشت یەکترەوە: رابوردوی شیرینو زێرینو نەخشین/ ئێستای تاڵ وچەپەڵ و دزێو. بەهەشت / دۆزەخ. ژیانی سەرفرازی، ئازادی، سەربەخۆیی/ ژیانی ژێردەستەییو داگیرکراویو راونانو سوکایەتی پێکردن ..

هاوکێشەی مەولەوی جیاوازە، نیشتمانو ژینگەو دەوروبەر، ئەو گۆشەی خانەقاو کۆڕی سۆفیانو چوونە خەڵوەتو شادبوون بەبینینی پیرو حەلقەی موریدان بووە ... بڕوا ناکەم"شەڕەکانی عەزیز بەگ " و"ئەم تاقمە مومتازە .. " توانیبێتیان ئەم بهەژێنن .

راستە لەنێوان مەولەویو ئەحمەد پاشای باباندا " پەیوەندی " و "ناسیاوی " هەبووە، بەڵام ئەم پەیوەندیە لەچاو پەیوەندی مەولەویو شێخانی تەوێڵەو بیارەدا، هەر زۆر کزولاواز بووە. ئەوە ژێلەمۆی سەرجەمی ناکۆکی نێوان دەسەڵاتدارانی بابانو شێخانی قادری لەلایەكو شێخو موریدانی نەقشبەندی لەلایەکی ترەوە، کە هەندێ جار کێشەی ناخۆشی لێبۆتەوە .. ئەگەر پەیوەندی میرو شاعیر زۆر بەهێز بوایە دەبا میر یەك دوو گوندو کۆنە ئاشی لەسەر وەقف بکردایە [٣٥] لەوە دەچێ پەیوەندی شاعیرو والیەکانی ئەردەڵان باشتر بوبێت . نامەکەی غولام شاخان بۆ ئەوو وەقفکردنی داهاتی گوندی " زەلان " لەسەرشاعیر، نیشانەی پەیوەندیو بوونی بەرژەوەندی هاوبەشە لەنێوان هەردوولادا.[٣٦]

ژیانی مەولەوی لەکەناری سنوری قەڵەمڕەوی بابان بووەو هاوسنوری ئەردەڵانیش بووە. ئەو زۆربەی ژیانی لەناو پایتەختی میرنیشیندا بەسەر نەبردووەو لەناوەندی

دەسەڵاتەوە دور بووە، ئەو لەناوچەیەکدا ژیاوە، کەستروکتورو هاوکێشەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جیاوازی تێدا باو بووە. لەناو هەورامان و تاوەگۆزی و شارەزوردا، دوو پۆلی: دونیایی ( سیاسی ـ ئابوری) ئابوری، کە هێزی جاف بووەو ناوەندەکەی هەڵەبجە بووە. هێزەکەی تر بزاڤێکی سۆفیگەری - روناکبیری - کۆمەڵایەتی - سیاسی بووە، کەنێوی ڕێبازی نەقشبەندی بووە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی نوێکەرەوەو بڵاوکەرەوەی بووە لەکوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پاش ئەو شێخ عوسمان و کوڕەکانی، پیرو ڕێبەر بوون و تێکشکان و هەرەسی میرنیشینەکان -١٨٥٠بەدواوە ـ هێزە ئایینیەکان جۆرە ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی / کۆمەڵایەتیان هێنایە پێشەوە، وەکو راگری پارسەنگی تەرازوی هێزە ناوچەییە بچوکەکان(عەشیرەت). ئەوان راگری بەلانسی کومەڵایەتی بوون و ئاڵا هەڵگری(ئاشتی) و(ناوبژیکردن)ی نێوان هێزە عەشایەریە ناکۆکەکان بوون. دەسەڵاتی شێخە نەقشبەندیەکان تا شوێنێکی وەکو سنە بڕی کردوە، بۆ کوژاندنەوەی بڵێسەی ئاگری ناکۆکی ئایینی/ سیاسی نێوان میرو هاووڵاتیانی شاری سنە، کە بە روداوی کاروانسەرا ناسراوە، ساڵی ١٨٥٤ز رووی داوە. مەولەوی هەندێ جار نوێنەرایەتی شێخ عوسمانی کردوە، بۆ گفتوگۆو دانوستان، بەتایبەت بۆ پشتگیری دانیشتوانی شاری سنە دژی هەوڵ و تەقەلای ئەمان اللەی دووەم (غلام شاخان ) کە ویستوویەتی ڕێبازی شیعەگەری " شێخەیە " یان بە سەردا بسەپێنێ.

### مەولەوی و سیاسەت

سەبارەت بەچالاکی سیاسی مەولەوی وێنەیەکی ناڕاست باوە. کەئەو وەکو شاعیرێکی سۆفی، لەکاروباری سیاسیەوە زۆر دورە پەرێز بووە. ڕەنگە مەشرەبی سۆفی، وای لێکردبێ تەنانەت رووخانی میرنیشینی بابانیش، ئەوەندە کاری تێنەکردبێ. نامەکانی مەولەوی خۆی وێنەیەکی تری شاعیرمان بۆ دەخەنە بەرچاو: پیاوێکی چالاک و کارامەو هەمیشە لەهەوڵ و تەقەلای دورخستنەوەی شەڕو ئاگر بووە، لەناوچەکەی خۆی

یەکێك لەزاناو شاعیرە نەیارەکانی، کە داردەستی فەرمانڕەوایانی بێگانەی سنە بوود، بەم شێوەیە تاوانباری دەکات :

" محرك سلسله و تبدیل وفاق دولتین به نفاق ذات البین بود " [٣٧]

دیارە کەسێك تاوانێکی ئەوتۆی دەخرێتە پاڵ، کە کێش‌و قورسایی هەبێت . ئەم تاوانە ناخرێتە پاڵ کەسانی سادەو گومناوو ناچالاك‌و ساردوسڕ. ئەمە بەڵگەیە لەسەر دەورو چالاکی شاعیر لەهێورکردنەوەی ناکۆکی‌و چارەسەرکردنی کێشەکان. ڕەنگە خوێنەر هێمای ئیعتراز بخاتە بەردەم ئەم گریمانە (هیپۆتیزە ـ Hypothese) گومانی ئەوەی لاپەیدا بێت، کە من بمەوێ شاعیر بکەمە "دپلۆمات"!

خۆشم ئەو راستیە دەزانم، نەدامەزراوەی نێو دەوڵەتیمان هەبووە، نەشاعیر بەشی دپلۆماسی زانکۆی تەواوکردووە، بەڵام ئەو کاتە سەردەمێکی نا ئارام بووەو سوپای میرنیشینی ئەردەلان بۆنمونە راوی بەشێك لەعەشایەری هەورامانی ناوە(دەوروبەری ساڵی ١٢٦٦ك ) تا ناو خاکی شارەزوور(عەزیز ئاغا موتەسریف‌و نقیب الأشراف) کە نوێنەرایەتی حکومەتی عوسمانیان کردووە. بۆئەوەی لەسانەکانی هەورامان خۆش بێت[٣٨] گفتوگۆیان لەگەڵ والی ئەردەلان کردووە، دور نییە مەولەوی مەبەستی ئەم رووداوە نەبوو بێت، یان روداوی تر، کەدەیان جار لەناوچەی هەورامان‌و شارەزوورو جوانڕۆ رویانداوە.

مەولەوی لەکاتی کوێر بوون‌و پیریدا، دەوری چالاکانەی خۆی بیردەکەوێتەوە چۆن نامەی بۆ کاربەدەستانی عوسمانی‌و قاجاری نوسیوە :

بالْ نمەدۆ تەیر تەصریر وەهەم دا
گاوە روی رۆمدا، گاوە عەجەم دا
ئومەنای دەوڵەت جەگردین لاوە
نەئینتظارەن چەم نەڕوی راوە

تەوانای وانای فەرمان نەمەندەن

چەپەر بێ جواو، خەبەر پابەندەن ل ١٢٢

ئەم نامە شیعریەش ڕەوانەی شیخ محەمەد جەسیم کراوە، کەخۆی وبراکانی بەتایبەت شێخ عەبدولقادری موهاجیر، نێویان بەڕاپەڕینی کاروانسەرا ( ١٢٧١ك) گرێ دراوە . ئەم بیرکەوتنەوەو ستایشکردنی شێخ موهاجیرە، بەزیندوومانەوەی بیرەوەری گرنگو بەبایەخە . دیارە لەسەرجەمی گفتوگۆو دانوستاندا دەوری سەرەکی هەبووە" صد چندانە جناب مدرسو مفتی زهابی اخلاص دارم بلکە مدحو ثنای فقیر در میان امنای دولت عثمانیە بە نواب والا مشهور أست ، ونفس مبارك والا خودش میداند کە وقتی تشریف بە کردستان آوردند أول کسی کە از دعا گویان دولتین وبرزخ مابین عریضە نوشت. "(٣٩)

ئێمە لەبەرئەوەی بیۆگرافی وردی ژیانی مەلا یوسفی مدەرسو مفتی زەهاویمان لەبەردەستا نییە، نازانین بۆ نێوی هەردووکیان پێکەوە هاتووە، زەهاوی (١٢٠٨-١٣٠٨ك) لە ١٢٦٠ بەدواوە لەبەغا ژیاوە . بڵێی لەوێوە پشتگیری مەلا یوسفی مودەڕیسو دەستەکەی کردبێو پەیوەندی بەفەرهاد میرزا ( ١٢٣٣-١٣٠٥) وە هەبوبێت ؟

کاتێك فەرهاد میرزا بۆ کوردستان (سنە )هاتووە، شاعیر یەکێك بووە لەوانەی هەوڵی ئاشتی داوە ، لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو قاجاریدا " برزخ مابین "لێرەدا ناوبژیکەر "وسیط" دەگرێتەوە ." وهر اخلاص ما زیاتر چراکە خارج دولتیم ، واین قدر نعمت جناب والا حق جناب مدرس بودە درحق مانبودە ..."

ئەم نامەیە پاش مردنی غولام شاخان ١٢٨٤ نوسراوەو سەردەمی حکومەتی فەرهاد میرزا(١٢٨٤-١٢٩١ك) بووە، چونکە نێوی بەمەرحوم دەبات.

ئەم نامەیەی مەولەوی بۆ محەمەد ساڵحی فەخرلعولەما (١٢٥٠-١٣٠٥) هەر زۆر چڕوپڕەو پێویستە مێژوونوسانی کورد زۆر لەسەری بوەستن. ئەم چەند دێرە تەنیا سەرنج

راکیشان بوو، نەك پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە. ئەم نامە نوسینەی شاعیر، لەکاری بەکۆمەڵ دەچێ، تا کاری تاك. ئاغای مودەریسیش بەناوی تاکەوە نوسیویەتی، بەڵام دەستەیەکی لەپشت بووە. ئەوانەی نامەکەیان بینیوە" شیخ بهاء الدین " مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی، مەلا عەلی طالشی، مەلا عوسمان مەلاعەبدوڵڵای داغستانیو مەلا حامیدی کاتب." (مەکتوب هەمچنانرا دیدند) کەواتە: نامەکە لەلایەن حکومەتی قاجارەوە ئاراستەی شێخانی نەقشبەندی، بەناڕاستەوخۆ، کراوە، ئەوانیش هەر بەناڕاستەوخۆ، شاعیریان وەکو دەمڕاست یان ( ناطق رسمی ) ئەرکی وەڵام دانەوەیان پێ سپاردوە. بیروڕای سیاسی شاعیر لەم نامەیەدا، بەڕونی دەردەکەوێ. بۆ نمونە: ئەو لەبەرامبەرەکەی داوا دەکات، بەرامبەر فەرمانڕەوایان بوێرو ئازاو چاونەترس بێتو، لەبەر ترسو بەرژەوەندی، راستی بەژێر لێوەوە نەکرێ:

" اول سوء سلوك این است کەتقیەء مشوۆمە بکنی وکتمان حق رابنمائی. حاکم ادباً موافق ( وشاورهم فی الامر) مشورت بە شما میفرماید، وشما جرئت آن نداشتە باشید کە فتوای حق اظهار کنید. حاکم مشمول طعنء خودتان را مطابق حدیث مورد لعن نمایند. فقیر از سلسلەء رسولم، صلب مرتضی وترائب بتول. غایتش این است کەزهرم بدهند یا شهیدم بکنندو سرم برسر نیزە نهند، ازکس نترسم و از حق پرسم". (٤٠)

ئەمە لوتکەی ناڕەزایی شاعیرە لەو زانایانەی دەبنە داردەستو دەزگای پڕوپاگەندەی فەرمانڕەواو کاربەدەستان. ئەم دەنوسێ :

" ئەگەر ژەهر خواردوم بکەن، و شەهیدم بکەنو سەرم بەسەرە نێزەوە بکەن، لەکەس ناترسمو هەرداکۆکی لەحەق دەکەم.. "

دەبێ ئەو راستیەش لەبەر چاوبگیرێت، کە مەولەوی لەگەڵ عەلی ئەکبەر خانی شرف الملك کوڕی محەمەد صادق خان کوڕی ئەمان الله خانی گەورە، کەحاکمی جوانڕۆ بووە، دۆستایەتیەکی پتەوی هەبووەو نامەگۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبووەو مەولەوی هاتوچۆی

کردوه . شرف الملك پلەی سەربازیشی هەبوە (سەرتیپ نایب جنرال اجودان باشی)[٤١]
هەمیشە بەچاوی گومانەوە سەیرکراوەو گومانی لێکراوە. هەولّی گێڕانەوەی دەسەلاّتی
لەدەستچووی ئەردەلانییەکان داوە . نوێنەرەکانی دەسەلاّتی ناوەندی لەناوچەکەدا بەهیچ
شێوەیەك لێی دلّنیا نەبوون. هەرلەسەردەمی حسام السلطنة دا، تا زەمانی ئەمیر
نیزامی گەڕوسی، هەر لەکێشەدا بووەو سالّی ١٣١٢ ز بەنەخۆشی نقرس و ئەعساب
مردووە.

بەگشتی لەنامەکاندا دەردەکەوێ مەولەوی نامەی ئاڕاستەی ناوەندەکانی دەسەلاّت
(قاجاری / عوسمانی) کردبێت. ئەو نامەو نوسراوانە دوورنییە لەبەغداو تاران و
ئەستەموولّ پارێزرابن و دۆزینەوەیان روناکی دەخاتە سەر چالاکی سیاسی شاعیر/
سۆفی و شێوەی بیرکردنەوەی، هەروەها لایەنێکی شاراوەی مێژووی گەلی کورد
دەخەنەڕوو.

### شاعیرو پاشای جاف

زۆربەی مەولەوی ناسان ئاماژەیان بۆ پەیوەندی نێوان مەولەوی و محەمەد پاشای
جاف (١٨١٥-١٨٧٩) و مەحمود پاشای جاف (١٨٤٦-١٩٢١)کردووە. بۆ جاری یەکەم
پیرەمێرد و حوسێن حوزنی موکریانی و پاشان بنەمالّەی مودەریس و ئومێد ئاشناو
د.ئەنوەر قادر محەمەد.[٤٢] نووسینەکەی ئاشنا بەداخەوە تەنیا دووبارەکردنەوەیەو هەندێ
هەلّەی خستۆتە سەرخوانی لێدوان و لێتوێژینەوەی ژیانی پاشاو شاعیر.[٤٣] ئەو بەشەی
دکتۆراکەی کاك ئەنوەر وردو زانستیەو راستیەکی گرنگی رەچاو کردوە :

ناتوانرێ بوترێ، بەگزادەی جاف نەنگەویستی مەولەوی بوون و ئەمیش رقی لێیان
بووە، بەپێچەوانەی نامەو شیعرەکانی نیشانەی دۆستایەتی و رێزی هەردولان بۆ یەکتری.
ئەوەش کەگوایە مەولەوی شاعیر دەرباریان بووبێ یان مووچە خۆری بەگزادە بووبێ و
سەرجەمی ئەشعاری بۆ ئەوان بێ، لە راستیەوە دورە . پەیوەندییەکی دولایەنە بووە ،

جارجار بەتین‌و هەندێ جاریش ساردی کەوتۆتە نێوانیانەوە.[٤٤] کاری دکتۆراکەی لەسەر لیریکا بووەو نەك بیۆگرافی - ژیاننامەی شاعیر. بۆیە هۆی ناکۆکی‌وکاتی ساردی‌و سڕی پەیوەندی دەستنیشان نەکراون. ئەو کارە بەمن‌و خەڵکی دیش ناکرێ، تا رۆژێ نەیەت کەلێنەکانی زانیاریمان لەسەر شاعیر پڕ نەکرێتەوە :

نامەی ژمارە( ١٨) بۆ حاجی مەحمود یارەویس، کەدیارە لەسەردەمی زۆر پیریدا نوسراوە ، پڕە لەبێزاری بەرامبەر بەگزادەکان .

نامەی ژمارە ( ١٣) بۆ مەحمود پاشای جاف ، لەکاتی پیریدا نوسراوەو شاعیر هەر زۆر دڵشکاو و بریندارو توڕەیە:

" آنها برکنار . اگر حق تعالی از حرکه وسکونم راضی است ، هرکس هرچه بگوید پاك را باك نیست . واگر ناراضی است هرکس هرچه بگوید هنوز کم ا ست . ودرکنارە گرفتنم هم تعجب نکنید . آن وقت که تمنای آن بود بلکه رجای مسلمانی بشنوید ، هزار بدعت را برای احیای سنتی ورجای فقیری از امتی بە گردن میگرفتم وآمد وشد میکردم . حالا شنیدن فریاد زیر دستان بسیارو نشیدن عدل‌و داد زبرستان بی شمارە. کنارە از همه سازگار تراست . هیچ نمادە است که نگویم ، وهیچکس ندیدم که بشنود "[٤٥] شاعیر نوکی خامەی خۆی دەکاتە ئامڕازی دەنگ کۆکردنەوەی چەوساوەو زۆرلێکراوان. هاوارو ناڕەزایی نەیتوانیوە، رەوتی مەکینەی زوڵم‌و زۆر راگرێ . شاعیر خۆی کردۆتە پارێزەر، یان مافناسی ماف لێزەوتکراوان. ئیدی هەڵوێستی دژ بەچەوسانەوەی وەرگرتوە . خۆی‌و کوڕەکانیشی بەرشالاوی تەنگ پێ هەڵچنین‌و گوشار کەوتوون.

لەم نامەیەدا ئەوەندە هەڵدەکرێنرێت ..گوایە پاشا ویستویەتی شاعیرو زانای ئایینی‌و سۆفی گەورە، بەبۆنەی مانگی رەمەزانەوە دوعای خێری بۆ بکات. ئەمە هەمووی دوعای خێری ئەوە بۆ پاشا! دوورنییە، پاشا نەیویستبێ دیواری سەهۆڵبەندانی

پەیوەندی بەو راسپاردەیە، بڕوخێنێ .. ئیدی رازو گلەییو دڵبریندارى بەجارێ وەکو رووخانی بەربەست، ئاوی پەنگخواردو، بەجارێ تەقیوەتەوە.

پێش ئەم نامەیە روداوێکی تری دڵشکێنەر لەنێوان شاعیرو محەمەد پاشادا رووی داوە. مەولەویو خزمەکانی لەبن سێبەری ساباتی شێخ عەلی عەبابەیلێ، لەشەمێران دەبن. ئیدی جەنگەڵی سەربردەو داستانو گێڕانەوەکان، بەکەس دڕنادرێ. بەگوێرەی کتێبی (بنەماڵەی زانیاران)[٤٦] شێخ عەلی کاربەدەستی بابانەکان بووە. بەگوێرەی گێڕانەوەی تر سەرکاری محەمەد پاشا بووە . نەساڵی لە دایك بوونو کۆچی دوایی شێخ عەلی دیارەو نەساڵی دەست لەکار کێشانەوەی !

ئەم دەست لەکار کێشانەوەیە زۆر کاریتێکردووەو وەکو " کودەتایەکی رەش " هەڵی سەنگاندوە بەیتی:(( دل خویشان مارا پر ز خون کرد )) ئاماژەیەکی زەقە بۆ توندیو رادەی غەدر لێکردنو ئازار پێگەیاندن. دیارە خزمەکانی مەولەوی پەلامار دراونو هێرشیان کراوەتە سەر. لەوە ناچێ گۆڕانکاری ئیداری ئاشتیانە بووبێتو"سەرکەوتوو" بەشێوەیەکی ژیاری رەفتاری لەگەڵ ژێرکەوتوودا کردبێت.

وزان سوی وطن هجرت نمودم
خلافت از علی دانسته بودم
به تأثیر محمد میر اکمل
خلافت چون بەعثمان شد محول
دل خویشان مارا پر ز خون کرد
به خویشاوەند خود نعمت فزون کرد

گۆڕانکاری میر، لەدەسەڵاتپێدان یان دەسەڵات لێسەندنەوە، یان دەسەڵاتدارکردنو بێ دەسەڵاتکردنی دوو دەستە، شاعیر لەبەرەی زیان پێگەشتوەکاندا بووە، بەرژەوەندی دونیایی، بیروڕای ئایینی، مەزهەبی جێلەقکردوە. مەسەلەی خەلیفایەتی "عوسمان/

عەلی" بۆ زانایانی سوننیو شیعە هێڵی سوردەو کەس بۆی نییە، ئەو سنورە بشکێنێ. شاعیر پەنای بردۆتە بەر چەمکی میتۆلۆجیای ئایینی - مێژویی بۆ دارشتنی رەوایی و نارەوایی پاشای جاف. مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، سەبارەت بەرەوایی خەلیفایەتی پێسپاردن، دەسەلات لێسەندنەوەو دەسەلاتی پێسپاردن، ئەم کێشەیەش تا کۆتایی ژیان، کاری تێکردووەو لەشیعرەکانی دا رەنگی داوەتەوە - لەداهاتودا دێمەوە سەر ئەم خاڵە .

لەوە دەچێ ئەم روداوە ساڵی ١٢٧٦ ك روی دابێ . ئەو شیعرەی بەفارسی مەحمود بەگی خزمی مەحمود پاشای جاف بۆ مەولەوی نوسیوە، نێوی (عثمان خاڵە )دەهێنێ، بەبۆنەی پەلاماری سوپای عوسمانییەوە بەسەرکردایەتی (عمرپاشای سەردار ) :

**ز آشوب زمان وچرخ غدار**
**ز شومی (عمر پاشای سەردار)**
**یزید ثانی آن سردار افخم**
**ولایت شد ز بیدادش پر از غم**
**(اذله) را نموده اهل عزت**
**کەمولای من از او کرده هجرت**
**(چرستانه) بزد آتش بەیک بار**
**گزیده جای خود دامان کهسار**
**میان (قلعه) و دشت (ولوبر)**
**سپا چادر زده چادر بەچادر**
**ورا ( عثمان خاڵە )و ( کاکە یونس )**
**ندیمان یمین هستندو مونس** (٤٧)

عمر پاشای سەردارو ئەمان الله خان لەسەر سنور بۆ گفتوگۆ چاویان بەیەکتر کەوتووە .. رەنگە پەلاماری شارەزور لەگەڵ پەلاماری دەسەلاتی شێخ عەلی عەبابەیلیدا

لەیەك ماوەدا بووبێت .. چونکە نێویشیان لەم شیعرەدا، پێکەوەهاتووە. مەبەستم عمر پاشاو عوسمانی خاڵەیە. رووداوی سوتانی ماڵی مەولەویش رەنگە لەم کاتەدا بووبێت .. زۆربەی ئەو شیعرو نامانەی شاعیر هی سەردەمی پیرین و هەر زۆر کەمیان شەقڵی گەنجایەتی پێوەیە .

مەولەوی نامەیەکی شیعری بۆ محەمەد پاشای جاف نوسیوە: "مەیلت ئارەزووی ئەغیارکەر دەبێ "[٤٨] لەسەر شاعیر بە "مدح" کراوەتە ماڵ . من لەم بەیتەدا تارای گلەیی بەدی دەکەم و هەوری بریندار بوون و بێزاری لەئاسمانی نامەدا بەدیدەکەم. شاعیر بەمیر دەڵێ: " تۆ رووی خۆت لەئێمە وەرگێڕاوەو بەلای بێگانەدا باداوەتەوە "ئیدی ئەمە دەبێ چی "مدح " بێت ؟

هەلومەرجی ژیانی شاعیر، رێگەی نەداوە گلەیی وگازندە لەوە خەستترکاتەوەو هەوڵی "نزیکبوونەوە"ی پاشای بەهەل زانیوەو چەند هەنگاوێك لێی چۆتەپێشەوە .. شێوازی هەڵسوکەوتی شاعیر لەئاستێکدا نەبووە، هەڵچوون و رووبەڕووبون و پەلاماردان و تێکشکاندنی پێوە دیاربێت. ئەو هەر زۆر دڵفراوان و دووربین بووە .. بەرامبەر بەهێرش و شکاندنیش (نامەکەی بولبول) گەورەیی و خۆڕاگرتنی نواندوە .. نامەکانی شاعیر بۆ محەمەد پاشاو مەحمود پاشای جاف دەبێ لەگەڵ نامەکانی بۆ شێخ عزیز جانەوەری و شێخ عوسمان و خاڵۆی کۆماسی .. هتد بەراورد بکرێ ، نەك هەر پارچە شیعرێك یان نامەیەك بەتەنیاو بەبێ بینینی تان و پۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ..

## گەڕان بەدوای خۆشەویستی لە دەست دەرچودا

رۆژهەلات هەر لەزۆرکۆنەوە ناوی دەیان داستان و ئەفسانە، سەریان تێدا هەڵداوە "شیرین و فەرهاد" و "مەجنون و لەیلا" لەهەرە ناسراوەکانیانە. بەکوردیش زۆر بەیت و داستان هەیە وەکو "مەم و زین " و خەج و سیامەند" و" بارام و گوڵەندام ".. هتد. کەکارەساتی تێکشکانی ئەزمونی خۆشەویستی دەنوێنن. هەندێ جار شاعیر گڕی عەشق

دەیسوتێنیٚو لەپێناوی ئەو خۆشەویستەدا داوێنی چیا دەگرێ "وەلی دێوانەو شەم" رەمزی ناکامیو بەیەك نەگەیشتنو هەلکڕوزانی پەپولەی خەونەکانی شادیو بەیەك نەگەیشتنە. " نالیو حەبیبە " رەمزێکی نوێترەو تۆزێ لەدێوانەو شەم کالترە .

ئەزمونی خوشەویستی مەولەوی هەر زۆر جیایە. ئەو گڕی گەردەلولی عیشقێکی سوتێنەر وا لولی نەداوە. لەسەرەتای لاویدا لەگوندی(خانەگا) فەقێ دەبێ، حەزی لەخاتون رابیعەی کچی مامۆستا سەید عومەری خانەگا کردووە[٤٩] ئەم تاقیکردنەوەی ئەڤینە بەسەر نەکەوتنو ناکامی کۆتایی پێ هاتووە. براو مامۆستای بەڕێزم ئەنوەر قادر محەمەد لەنامەی دکتۆراکەیدا دەنوسێ :

" پالەوانی لیریکی، لەشیعرەکانی مەولەویدا بەشێوەی جیا جیا، لەژیاندا بەرجەستە دەبن . لێرەدا بۆ نمونە، یەکێکیان دەهێنمەوە : شاعیری خەم لەلابار، خۆی لەگەلّ تاوێرو زنارەکانی چیای " قولەی قەزالە" دا بەراورد دەکات، کەتاوێ بارانی خەم بەسەریاندا دایکردووەو حالیان بەدحالەو کەچی هێشتا ئاوازەی دەنگی یاریان لێ نەبڕاوە.

بلێی ئەمە ئاماژەیەك نەبێ بۆ ئەو عەشقە نائومێدەی، کە مامۆستا سەید تاهیری هاشمی لەو وتارەدا وا لەمەوبەر باسمان کرد، ئاماژەی بۆ کردووە. زۆر رێیتێدەچێ، چونکە " قولەی قەزالە " دەکەوێتە پشتی " خانەگا" وە، لەو شوێنەی مەولەوی بۆ یەکەم جار زامێکی قولّی شکستی کەوتە دلیەوە .. دوور نییە، ئەو باران بەسەر زنار بارینو لەکەژەوە بەرەو گوند روانینە، حالەتێکی هەژانو بیرەوەری تەقینەوەیان بەیادی شاعیردا هێنابێ .."[٥٠] هەروەکو چۆن "خانەگا"و " قولەی قەزالە" و "شاهۆ" سمبولێکن، کۆمەلێك بیرەوەریو یادگاریو هەستو سۆز، لەسێبەریاندا خۆیان داگرتووە، رەنگە چەندین سمبۆلی تریش هەبن، کە ئێمە ناتوانین پەییان پێ بەرینو لێیان تێبگەین .

شەماڵ ئەرجوم هەن هەی وەفیدات بام

وەسەر گەرد باڵ شانای هەوات بام

طەی دوی هەناسەم شەوان تا بەڕۆ..

سەر بەر کەر ئەسەر کۆی ئاتەشگاوە

بریەو مەسکەن "خانەگا " و"پاوە"

زار زار وخاس خاس و زار بناڵە

جاگێر ئەسەر ئەوج قولەی " قەزاڵە" ل.د ٢٠٤

ساماچان یاران نینە چێش بی یەن

(قەزاڵە ) ناڵاَش چۆن جاران نی یەن ل.د. ٢٠٤+٢٠٥

ئەم شیعرە لەلایەکەوە" قوربانی تۆزی ڕێگەتم " مان بیردەهێنێتەوە، کە" نالی" لە دوورە ولاَتییەوە رەوانەی نیشتمان" ی کردووە. لەلایەکی ترەوە کارتێکردنی حافزی شیرازی لەرووی وشەوە، لەلایەکی تریشەوە، سەیری ئەم تاقگەی وێنە بەربوونە خوارەوەیە کەگرێدانی " ئاتەشگا" کە لەکەلتوری ئایینی کۆندا " پەرستگا " بووە، لەگەڵ خانەگاو قەزاڵەو پاوەدا. کاتی بیرەوەری، هەمان کاتی روداو نییە. قەزاڵەش ناڵەی وەکو جاران نییە . . پەیوەندیەکی زۆر سەیر لەنێوان سمبۆلەکاندا هەیە . وێنەکانی رابردوو سمبۆلی یادگارێکی کاریگەری گرنگن. بۆیە دڵی شاعیر بەئاسمانی ئەو ناوچەیەدا لەنگەری گرتووەو لەروی دەرونیشەوە هەر ئەوێ پەرستگای بووە (٥١).

پاش تێکشکانی ئەزموون‌و رەوینەوەی هەوری خەونە زەردو سورەکان، مەولەوی بۆ وێنەی یار گەڕاوە. دەستی فەرهادمان دامێنی چیای نەگرتوە، گڕی نەگرتووە، بەڵکو سەفەری گەڕان بۆ یەکێکی تر لەو بچێ یان تۆزێک لەو بچێ . هۆبە بەهۆبە سەیری رەشماڵانی کردووە، پەپولەی دڵ هەر بەدوای وێنەی ئەڤینی یەکەمەوە بووە. توشی ئازاردان بووە. بەڵام ڕێکەوت پێچەوانەی بەخت‌و نەوچاوانی ئەو بووە.

چۆن چیهرەی خیاڵ ڕوخسارەکەی وێش
نەتۆی پەردەی دڵ مەعدومی دڵ ڕێش
نمانا جەمین شای سەوسەن خاڵاڵ
کەم کەم جەگۆشەی لای سیامالاڵ ل ١٨٢

پێش شادبوون بە هاوسەرێتی (عەنبەر خاتون) مەولەوی هەوڵی تری داوەو دەستیان بەڕوویەوە ناوە. واتە: یەکەمین جار خۆشەویستی پاشان ژنهێنانێکی کلاسیکی کاڵو کرچ. پاش سەرەنگرێ بوونی هەوڵو تەقەلای هاوڕێیەتی و دۆستایەتی شاعیرێکی وەك ئەحمەد پریسی، بکاتە پردی گەیشتنە ئامانج. یەکەمین تۆڕهەڵدان بۆ لەیلێی خەسرەو چاوشی خوشکی شاعیر بووە، ئەو نەکەوتۆتە تۆڕەکەیەوەو دراوە بەداواکەرێکی تر، ئیدی شاعیری هاوڕێ دەکاتە پرد و بەردەباز " ئامرازی پەیوەندی " وەکو شاعیرێکی دڵناسك، بەڵکو فریای (مەجنون)ی هاوڕێی بکەوێ .. لەبری لەیلێی خوشکی، بەیجێی ئامۆزای پێشکەش (مەجنون) کات. دیارە ئەحمەد پریسی لەوانە نەبووە، بەئاسانی بەداوەوە بێتو هاوڕێی داواکەری هەر بەبیانو و بەڵگەکانی خۆی بەستۆتەوە:

گەر سەرتاپای چیرۆکی داواکردنەکە داستانو سوعبەتو قسەی خۆش نەبێت، تراجیدیای شاعیر پیشاندەدەن. کیژێکی نادەنێ ! ئەو پاشەکشە ناکاتو داوای ئامۆزایەکی کیژەکە دەکات. ئەمە هەربۆ ئەوە بووە، "دووەم"بۆنی "یەکەمی" لێهاتووە .. یان شاعیر ویستوویەتی ژنێك بهێنێ ! خۆی نە، ئامۆزاکەی!! دوورنییە باری کۆمەڵایەتی بنەماڵەی[٥٢] ئەحمەد پریسی لەمەولەوی چاکتر بووبێ. خەسرەو چاوشو عەلی چاوش، لەسوپای عوسمانیدا چاوش بوون، ڕەنگە ئەمە دیوارێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان داواکەرو کچدا درووستکردبێ :

قسەیێ نەکەم وەرێ وجێ وێ
کەلەیلێ نەو با بەیجێ وێ

ئەحمەد پریس دیارە کابرایەکی قسە لەڕووبووەو توانیوەتی زوو بێتە دەست . هەڵەیەکی ڕەوانبێژی لەزنجیری بەڵگە هێنانەوەی ژن داواکردنی دۆزیوەتەوە، پریسی بەم بەیتە وەڵامی داوەتەوە:

**قسەیێ نەکەی بێ ڕێ وجێ وێ**

**تۆ کە مەجنونی، چۆن بەیجێ وێ !**

پریسی خاڵێکی گرنگی لەپرۆژەی ژنهێنانی شاعیر دەستنیشان کردوە ، خۆشەویستیەکەی ئەو سوتێنەرو دێوانە نییە . ئەو بەهەموو هۆشەوە بۆ " لەیلێ " ئەلتەرناتیڤ دەخاتە بەرچاو. مەجنون هیچ ئەلتەرناتیڤێکی نەبووە.

نازانرێ چەند مەولەوی دوای تراویلکەی خۆشەویستی کەوتووەو چەند هەوڵیداوە دڵی کیژان بۆ لای خۆی رابکێشێ یان بەشێوەی" رەسمی " داوای یەکێك بکات و هیچ سەری نەگرتوە . بەڵام شاعیری " واقیع" بین، بە سەرنەکەوتنێك بەرچاوی تاریك نەبووەو ورەی نەڕووخاوە. سەرنەکەوتن، دۆڕان و کارەسات و دنیا لەبەرچاوی ژێرو ژوور نەبووەو هەوڵی تری داوە . بەو هیوایەی لەجاری داهاتودا " بیگرێ"!

## عەنبەر خاتون ــ ئاسایی نا ئاسایی

یەکێك لەو خاڵانەی مەولەوی ناسان لەسەریان نوسیووە، لاوانەوە بەجۆش و ئاگرێنەکانیەتی بۆ عەنبەر خاتونی خێزانی. کێشەی ژن هێنان و ناوەڕۆکی لاوانەوەکان، هەروا بەسانایی سەیرکراوەو کۆمێنتاری قوڵ و هەمە لایەنەی لەسەر نییە .. هەرچەندە ژن هێنانەکەی خۆی لەخۆیدا کارێکی ئاسایی نەبێ!

بۆ لەنێوان ئەو هەموو کیژانەی هەورامان و شەمێران و تاوەگۆزی و شارەزوردا ، کیژە ئەفغانیەکی بەهاوسەری خۆی هەڵبژاردوە؟

بۆ ژنێکی کوردی نەهێناوە؟

جاران لەزۆر شوێنی ئەم وڵاتە بازنەی ژنهێنانی ناوخۆ داخراو بوو بۆ ئەندامانی یەك بنەماڵەو یەك هۆزو یەك ناوچەو یەك گوند . ئەم دیاردەیە ئێستاش لەنێوان هەندێ بنەماڵەی نێو شاریش باوە . ئەم دیاردەیە بە یۆنانی پێی دەڵێن (ئیندۆگامی — ENDO GAME) واتە: ژنو ژنخوازی لەچوارچێوەی یەك هۆز یان یەك تایەفەدا دەستورێکی کۆمەڵایەتیەو کەس ناتوانێ سنوری ببەزێنێ .. لەشاری هەولێر بەرەبابێکی عەشیرەتی دزەیی هەیە پێیان دەڵێن " بەرەی ماری فارسی " واتە: بەرەی ماڵی فارس پاشا، کە سەرسوریشیان پێ دەڵێن، تەنیا لەنێو خۆیان ژنو ژنخوازی دەکەن .

بۆ شاعیر سنوری عەشیرەتو تایفەو ناوچەو بنەماڵە و " نەتەوە " شی بەزاندووەو تیری نیگای کیژە ئەفغانییەك دڵی پێکاوە ؟

دەشێ شتەکە پەیوەندی بەنەریتو دەستوری کۆمەڵایەتیەوە نەبێو تەنیا پەیوەندی بەهێزو توانای ئابوریەوە هەبێ؟

دوور نییە ئەمە هۆیەك بێت. نالیو حاجی قادری کۆییو کێوکێش رەنگە بۆیان نەلوابێت ژن بهێننو خێزان پێکەوە نێن. پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، کە زۆرجار بەتوانای داراییەوە گرێ دراوە (بریا مەلایەك وەڵامی ئەم پرسیارەی بدایەتەوە).

دیارە گەشتو هەڵسوڕانو داسوڕانی شاعیر بەدوای خۆشەویستو هاوسەردا ، سەری بەماڵی عەنبەر خاتوندا کردووە..

ئێستا رەنگە شتێکی ئاسایی نەبێ شاعیرێکی وەکو پەشێو یان هەڵمەت ژنێکی ئەفغانی بهێنن، ئەدی ئەو زەمانە چۆن کارەکە رێککەوتوە ؟

بەداخەوە من تەنیا یەك سەرچاوەم لەسەر ئەفغانییەکانی شارەزور بینیوە ، ئەویش گەشتەکەی کلۆدیۆس ریچە بۆ کوردستان:

I was surprised to hear that, in the provaince of shehrizoor, there are same viliages entireey composed of afghans.

They come in to this of the country on the murder of Azad Khan; and they are said still to retain their own language among themselves. They are very poor and rank among the peassantre .(53)

دوو سێ خاڵی گرنگ لەم دەقەی ریچ هەڵدە کرێنرێت:

ئەفغانـەکانی شـارەزور پاشمـاوەی سـوپاکەی ئازادخـانن‌و دەوروبـەری سـاڵی ١٨٢٠ لەچەند گوندێك ژیاون‌و زمانی خۆیان پاراستوەو زۆریش هەژارن .. هتد . ئەم پێناسـەیە ئەمانە هەر زۆر هەژارن :

رەنگە کلیلی سەرەکی دەرگای سەرکەوتنی پلانی ژنهێنانی شاعیر بێت . نامـەوێ زۆر لەسەر سوپاکەی ئازادخان(٥٤) و تیرو تایفەی برۆم، چـونکە مێژوونوسـانی سـەردەمی ئەردەڵان لەسەریان نوسـیوە .. بەهـەرحاڵ خێزانـەکان ئـاوارەو هـەژارو پاشمـاوەی سـوپای تێکشکاوبوون. پەیوەندی ئەمانە لەگەڵ میرنیشینی باباندا چۆن بووە، ئەوە مـن نـایزانم! بـڕوا ناکـەم زۆر بـاش بوبێـت، لەسـەردەمی پـڕ نائـارامی‌و شـەڕو شـۆڕی دوا سـاڵانی حوکمڕانی ئەواندا .

## عەنبەر خاتون .. کۆچ‌و لافاوی فرمێسك

کەس نازانێ عەنبەر خاتون کەی لەدایك بووەو کەی شویکردوەو کەی کۆچی دوایـی کردوە ؟

مـەولەوی هەشت لاوانەوەی بەکوڵی بۆ نووسیوە. لەناو ئەم هەشت لاوانەوەیەدا رەنگە بتوانرێ تۆزێك تیشك بخرێتە سەر هەندێك لایەنی نەزانراو لەسەر عەنبەر خاتون :

مامۆستا محەمەد مەلاکەریم لەو بارەیەوە دەنوسێ :

" لەم ساڵانەدا دوو سێ کارەساتی گەورەی بەسەر هاتووە ئەتوانین بڵـێین لـەناو ئـەو کارەساتانەدا لەگشتیان کاریگەرتر بۆ سەر دڵی مەولەوی، کۆچی دوایی عەنبەر خاتونی خێزانی بووە، کە حەوت ساڵ پێش مەرگی رووی داوە.."(٥٥)

حەوت ساڵ پێش مردنی خۆی دەکاتـە سـاڵی ١٢٩٣ ك بەرامبـەر بـە ١٨٧٥ ز ئـەم کات دەستنیشانکردنە لەگەڵ هەندێ بـەیت‌و ئامـاژەو زنجیرەی وێنـەی نـاو لاوانـەوەکان ناگونجێ .. پێویستە زیاتر دوای ئیشارەتەکان کەوین:

شورای عاشورا دیسان بەزمش بەست

(موحەڕەم) ناما مەحرەم شی نەدەست

ئەو خەریک ئەچۆڵ شار عەدەم دا

